دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە٦٩٦ ،یەکشەمەە١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی،٥ی مارسی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

● پەیامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بۆچەکدارەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا ل٢

● حدکا: شەڕی کورد بە کورد مەحکووم دەکەین ل٢

● ڕێژیمی ئێران وانە دژی حیزبە کوردییەکان‌دەڵێتەوە ل٣


نیشانەناسیی ڕاسان وەک شەڕی نوێ ٤


نیزامی پیاوسالار و پرسی ژن ٦


خورافە، ڕێگاخۆشکەرێک بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵگا ٧


ئەرکی تاکی کورد لە دژی خیانەت و جاشایەتی ٩

# بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بەرانبەر پیلانگێڕیی سپای قودس دەوەستێتەوە



شەش حیزبی کوردستانی ئێران لەدژکردەوەیەکدا بەرانبەر ئەو پیلانگێڕییەی لە پارلەمانی عێراق بەرانبەریان هاتۆتە ئارا، کۆبوونەوە. ڕۆژی چوارشەممە ١١ی ڕەشەمەی هەتاوی، شەش حیزبی کوردستانی ئێران لە بنکەی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی محەممەد نەزیف قادری تێیدا بەشدار بوو، حیزبەکانی کوردستانی ئێران پڕژانە سەر باس و ڕاگۆڕینەوە سەبارەت بە دارشتنی پیلانێک لە پارلەمانی عێراق، کە لەژێر ناوی گەڵاڵەیەکی یاسایی‌دا، لە لایەن فراکسیۆنێکی پارلەمان لە ژێر ڕێبەریی نووری ئەلمالیکی، ناسراو بە "دەوڵەتی یاسا" هاتۆتە ئارا و مەبەست لەو گەڵاڵەیە، بەجێگەیاندنی خواستی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە دەرکردن و چەک کردنی هێزە سیاسییە خەباتکارەکانی کوردستانی ئێران لە خاکی هەرێمی کوردستانە.

هەر شەش حیزبی ئامادە بوو لەو کۆبوونەوەدا، جەختیان لەوە کردەوە کە؛ ئەو گەڵاڵەیە، پرۆژەیەکە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کە مەبەست لەو پرۆژەیە زەربە لێدان لە خەباتی خاباتکارانی کوردستانی ئێران بووە و کاریگەریی لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێت.

لەو کۆبوونەوە شەش لایەنەدا، حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای هاودەنگی لەپێوەندی لەگەڵ ئەو پرسەدا، کۆمیسیۆنێکی هاوبەشیان پێکهێنا بۆ ئەوەی لەو سۆنگەوە هەوڵ بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو پیلانگێڕییە بدەن و بەرنامە و هەڵوێست و کردەوەی هاوبەشیان لەپێوەندی لەگەڵ دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی فراکسیۆنە پارلەمانییەکان و تەیارە سیاسییەکانی بەشدار لە دەسەڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان بگرنەبەر.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی بڵاو کراونەتەوە، فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا بە دنەدان و هەڵخڕاندنی سپای قودس، لقی دەرەوەی سنوورەکانی سپای تێرۆریستی پاسداران، لەبەردایە گەڵاڵەی دەرکردنی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان لە پارلەمانی کوردستان بهێنێتە ئارا.

دەگوترێت، پاش دیداری نووری ئەلمالیکی و پاسدار ئیرەج مەسجێدی، باڵوێزی ڕێژیمی ئێران لە بەغداد، فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا ئەو گەڵاڵەیان هێناوەتە بەر باس.

لەو پێوەندییەدا، کەریم پەرویزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ماڵپەری کوردستان میدیای ڕاگەیاند: "مەسەلەی یەکەم ئەوەیە کە؛ هەندێک لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە لە هەرێمی کوردستان پەناهەندەی سیاسیین، لە ماوەی پەناهەندەبوونی خۆیاندا لە زۆر مافی پەنابەری بێبەشن. مەسەلەی دووهەم ئەوەیە کە پاراستنی پەنابەرانی سیاسی لە وڵاتێکدا کە تێرۆریزم تێیدا دەسەڵاتدارە، ناتوانرێت متمانە بە هێزە ئەمنییەتییەکانی عێراق بکرێت".

کەریم پەرویزی لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت: "گەڵاڵەیەک کە لە لایەن سپای قۆدسەوە ئامادە کراوە و لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە بەغدا دێتە گۆڕێ، هیچ ئێعتبارێکی ئینسانی و سیاسی نییە و خودی سپای قودس و سپای پاسداران و خودی بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی بە هۆی کردەوە تێرۆریستییەکانیان لەژێر تەعقیبی نێودەوڵەتیدان".

ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات ئەوەشی ڕوون کردەوە کە: "وڵاتی عێراق کە گۆڕەپانی تێرۆریستەکانی سپای پاسداران بووە و تێرۆریستێکی وەک قاسم سلێمانی هەر ڕۆژ لە گۆشەیەکدا حزووری نیزامیی هەیە، ناتوانێت یاسایەکی موعتەبەر بۆ دەرکردنی پەنابەرە سیاسییەکانی هەبێت".

ناوبراو گوتیشی: "وڵاتانێکی وەک عێراق کە هیچ سەروەرییەکی نەتەوەیی تێدا نەماوە، لەگەڵ ئەم جۆرە گەڵاڵانە، ئاژاوە بۆ سنووره هاوبەشەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران ڕادەکێشن".

## ئامریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران مانۆڕێکی دەریایی ئەنجام دا

هێزە دەریاییەکانی ئامریکا لە مانۆڕێکی تایبەتدا شێوازی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەلەمە خێراکانی کۆماری ئیسلامییان تاوتوێ کرد.

دەنگی ئامریکا بڵاوی کردەوە؛ هێزەکانی ئامریکا لە ئاوەکانی فلۆریدا مانۆڕێکی تایبەتیان بە ناوی "هەڵمەتی چەکوشی" ئەنجام دا کە تێیدا شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەلەمە خێرا و خۆکوژەکانی کۆماری ئیسلامی لێکدرایەوە.

ئەم بەلەمانە بە یەکێک لە مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاوەکانی کەنداو بەدژی هێزە دەریاییەکانی ئامریکا دەژمێردرێن.

لە مانگی ژانویەدا ناوێکی ئامریکایی لە گەرووی هۆرمۆز پاش ئەوەیکە هەستی بە مەترسی لەلایەن بەلەمەکانی سپای پاسدارانی ئێرانەوە کرد، ٣ تیری هۆشداری تەقاند و ناچاری کردن ئەو شوێنە بەجێ بهێڵن. لێپرسراوانی ئامریکایی لە مانگی سێپتامبردا ڕایانگەیاند؛ هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ درووست کردنی ئاڵۆزی لە ئاوەکانی کەنداودا بەردەوامە.



بەلەمەکانی سپای پاسداران بەبێ هیچ هۆیەک و تەنیا بۆ قەڵسە گێران لە ناوە ئامریکاییەکان نیزیک دەبنەوە.

لەم مانۆڕەدا کە لەلایەن ناوەندی هێزە هەواییەکانی ئێگلینی ئامریکا ساز درابوو، نیزیک بە ٣٥ بەلەمی هاوشێوەی بەلەمەکانی سپای پاسداران کە تەیار بە تیربار بوون خرانە بەر تاقیکردنەوە و بە هێرشی هێلی کۆپتێر و جێتی شەڕکەر ڕووبەڕوویان بوونەوە.

پەیڤ

### مەرگی براکوژی

**کەریم پەرویزی**

لە مێژووی گەشەکردنی نەتەوەکان و بەتایبەت لە نێو نەتەوەی کوردیشدا بەداخەوە دیاردەی شەڕی خۆ بە خۆ، یان شەڕی نێو خۆ کە لە کولتووری سیاسیی کوردستاندا بە شەڕی براکوژی ناسراوە، دیاردەیەکی بەرچاو و خاوەنی کارنامەیەکی ڕەشی مێژووییە. لە هەر سەردەم و کاتێکیشدا هەردەم کەسان و دەستوپێوەندی و گرووپی واش هەبوون کە بەردەوام فوویان بە ئاگری شەڕدا کردووە و سووتەمەنیی زۆرتیان بۆ هێناوە، تاکوو ئاگرەکەی ماڵوێرانکەرتر بێ!

بەڵام لەم سەردەمە نوێیەدا دۆخ و هەلومەرجی سیاسی و تێگەیشتنی کۆمەڵگا گەیشتۆتە ئاستێک کە چیدیکە ئەو جۆرە کردەوانە قبووڵ ناکا و هەرجۆرە پەنابردنە بەر شەڕێکی خۆکوژی مەحکووم دەکا.

دووساڵ پێش لە بەرزاییەکانی کێلەشین، تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەلایەن گەریلاکانی (پ ک ک) گەمارۆدران و دوای چەندین ڕۆژ پێوەندیی سیاسی و گفتوگۆ، بەداخەوە کێشەکەیان گەیاندە لوولەی چەک و لە شەڕێکی چەند کاتژمێریدا، چەند ڕۆڵەیەکی کورد لە هەردوولا پێکران. ڕووداوێکی تاڵی مێژوویی بوو، و کارەساتێک بەڕێوە بوو، بەڵام لەسەرهەست بوونی هزری کۆی کوردستان بەگشتی و ڕۆڵی خەمخۆرانی کوردستان لە بواری میدیا و ڕاگەیاندن و سیاسەت، پێشیان بە گەورەکردنەوەی ئاگرەکە گرت و شەڕ ڕاوەستا و دیالۆگ و دانوستان کە دەبوا لە پێشدا چارەسەر بوایە، بەڵام لە بڕگەی دووهەمدا بوو بە چوارچێوەی دیاریکردنی یاساکانی سیاسەت و خەبات.

چەند ڕۆژ پێش لە ئاکامی جووڵانی هێزی پێشمەرگەی ڕۆژاوا، هێزەکانی سەر بە (پ ک ک) کە بە ناوی دیکەوە لە ڕۆژئاوا و شەنگال هەن، لەگەڵ ئەو هێزەی پێشمەرگە بەرەوڕوو بوون و دووبارە ئاکامی چەند ساڵ دیالۆگ و دانوستان و ڕێککەوتن و .. کە بنپێ خرابوون، لەو ڕۆژە کارەساتبارەدا دووبارە چارەسەر ئەسپێردرایەوە بە لوولەی چەک، و بەداخەوە چەند ڕۆڵەی کورد لە هەردوولا بوون بە قوربانی و پێکران.

بەڵام هەر وەک ڕووداوەکەی کێلەشین، ڕای گشتی و هزری کۆیی کوردستانیان لەسەرهەست بوو، و بە هەڵوێستەوە پێشیان بە گەورەبوونەوەی کارەسات گرت.

دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان زۆر گۆڕاوە و سیاسەت و کاری سیاسی و خەبات و تێکۆشان لە قۆناغێکی دیکەدا کار دەکا. پێویستە کە ئەو قۆناغە نوێیە بناسینەوە و شانازیشی پێ بکەین.

شانازی بەو مانایە کە لە نێو هەموو نەهامەتی و ماڵوێرانی و پەرتەوازەیی و

درێژە لە لاپەڕەی٣

# په‌یامی کۆمیسیۆنی ته‌شکیلاتی حیزبی دێموکرات بۆ چه‌کداره‌کانی ڕێژیم له‌ کوردستاندا

بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی-دێموکراتیکی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، له‌ ماوه‌ی چه‌ند ده‌یه‌ی ڕابردوودا، سه‌رباری ئه‌وه‌ی که‌ به‌ چه‌ندین قۆناغی مێژوویی و هه‌ستیاردا تێپه‌ڕ بووه‌ و کۆمه‌ڵێك که‌ند و کۆسپی له‌ به‌رده‌م بووه‌، ئێستاشی له‌گه‌ڵ بێت هه‌روا له‌ سه‌ر پێیه‌ و پێی ناوه‌ته‌ قۆناغێکی نوێ که‌ له‌ ئه‌ده‌بیاتی سیاسی و لای بیروڕای گشتیی نێوخۆ و ده‌ره‌وه‌ به‌ "ڕاسانی ڕۆژهه‌ڵات" ناوبانگی ده‌رکردووه‌.

له‌م قۆناغه‌ نوێیه‌ی خه‌باتدا، که‌ هه‌ڵگری په‌یامی"گرێدانی خه‌باتی شار و شاخ"ه‌، یه‌کڕیزی، هاوخه‌باتی و یه‌کگرتوویی ڕیزه‌کانی گه‌ل به‌ هه‌موو چین و توێژه‌کانه‌وه‌، پێویستییه‌کی مێژوویی و یه‌کلاکه‌ره‌وه‌یه‌. مێژووی خه‌بات و تێکۆشانی چه‌ند ده‌یه‌ی ڕابردووی نه‌ته‌وه‌که‌مان و سروشت و ماهییه‌تی ڕاسته‌قینه‌ی دوژمنان و ده‌سه‌ڵاتدارانی ڕێژیمه‌کانی په‌هله‌وی و کۆماری ئیسلامی ئه‌و ڕاستییه‌ی سه‌لماندووه‌ که‌ بۆ به‌رپه‌رچدانه‌وه‌، سه‌رکوت و شکست پێهێنانی بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی-دێموکراتیکی گه‌له‌که‌مان، هه‌موو هێز و توانای خۆیان به‌کارهێناوه‌. دوژمنانی گه‌ل و بزووتنه‌وه‌که‌مان، بۆ به‌چۆکداهێنان و ڕووخاندنی ئیراده‌ و هه‌ستی شۆڕشگێڕیی تێکۆشه‌ران و دواجار له‌نێوبردنی بزووتنه‌وه‌که‌، هه‌موو ڕێگایه‌کی گرتووه‌ته‌به‌ر. دوژمن به‌ ڕێگای ڕه‌شه‌کوژی، ئێعدام، زیندان، تێرۆر، سیاسه‌تی تۆقاندن و چاوترسێن کردن، ته‌ماح وه‌به‌رنان و به‌ ده‌یان و سه‌دان فێڵ و پیلانی دیکه‌ هه‌وڵی داوه‌ بزووتنه‌وه‌ی مافخوازانه‌ی خه‌ڵکی کوردستان تووشی شکست و داڕمان بکات. مه‌خابن، له‌م نێوانه‌دا دیارده‌یه‌ك که‌ دوژمن چ له‌ ڕابردوو و چ له‌ ئێستاشدا په‌نای بۆ بردووه‌، سیاسه‌ت و دیارده‌ی چه‌کدارکردنی تاکه‌کانی کۆمه‌ڵگای کوردستان بووه‌.

مێژووی خه‌بات و قوربانیدانی گه‌له‌که‌مان ئه‌و ڕاستیه‌مان وه‌بیر دێنێته‌وه‌ که‌ دیارده‌ی چه‌کدارکردنی تاکه‌کانی کورد له‌ لایه‌ن دوژمنانه‌وه‌، یان چوونه‌پاڵ ئه‌م سیاسه‌ته‌ به‌ هه‌ر مه‌به‌ستێك بووبێت، زه‌بر و زیانێکی قورسی له‌ په‌یکه‌ری بزووتنه‌وه‌که‌مان داوه‌ و دواجار ڕیزه‌کانی گه‌لی کوردی به‌ره‌و په‌رته‌وازه‌یی و دوو ده‌سته‌یی بردووه‌. به‌ ڕواڵه‌ت، دوژمنان ئه‌م چه‌کدارانه‌یان پۆشته‌ و تێر و ته‌یار کردووه‌ و به‌ گژ شۆڕشگێڕان و تێکۆشه‌رانی حیزب و گه‌لیاندا کردوونه‌ته‌وه‌، به‌ڵام ناخی ئه‌م دیارده‌یه‌، ڕاستییه‌کی تاڵمان وه‌بیر دێنێته‌وه‌ و له‌ چه‌ند ڕوووه‌ جێی سه‌رنج و تێڕامانه‌.

یه‌که‌م، ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ چه‌کیان بۆ دوژمن هه‌ڵگرتووه‌، له‌ دژی نه‌ته‌وه‌که‌یان وه‌ستاونه‌ته‌وه‌ و ڕاسته‌وخۆ خزمه‌ت به‌ دوژمن ده‌که‌ن.

ئه‌مه‌ش ته‌نها یه‌ك مانای هه‌یه‌، ئه‌ویش ڕشتنی خوێنی کورده‌ به‌ ده‌ستی کورد و گومان له‌وه‌دا نییه‌ که‌ ده‌که‌وێته‌ چوارچێوه‌ی خیانه‌ته‌وه‌ و له‌م نێوانه‌شدا، براوه‌ی سه‌ره‌کیی ئه‌م کاره‌ساته‌، دوژمنی بێبه‌زه‌یی و خوێنڕێژه‌.

دووه‌م، نانه‌وه‌ی دووبه‌ره‌کی و ئاژاوه‌ و چه‌ند ده‌سته‌یی له‌ نێوان ڕیزه‌کانی گه‌لدا. دوژمن له‌م ڕێگه‌یه‌وه‌، تۆوی بێ‌متمانه‌یی و تۆڵه‌کردنه‌وه‌ له‌ نێوان تێکۆشه‌ران و به‌لاڕێداچواندا ده‌چێنێ، دیسانه‌وه‌ ئه‌گه‌ر زیانێك هه‌بێت، له‌ په‌یکه‌ری بزووتنه‌وه‌ و یه‌کڕیزیی گه‌له‌که‌مان ده‌که‌وێ.

سێهه‌م، سیاسه‌تی چه‌کدارکردن و په‌یوه‌ستبوون به‌م ڕه‌وته‌، که‌رامه‌ت و پێگه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تی و بنه‌ماڵه‌یی ئه‌و که‌سانه‌ ده‌خاته‌ ژێر پرسیاره‌وه‌، که‌ به‌ بێ هه‌ستکردن به‌ به‌رپرسیارێتی و ته‌نیا له‌ به‌ر ئیمکانات و هه‌ندێك پله‌ و پۆست و شتی کاتی، ئاماده‌ن خزمه‌ت به‌ داگیرکه‌ران و دوژمنانی گه‌ل بکه‌ن. ئه‌مه‌ش له‌ خۆیدا بووه‌ته‌ هۆی دواکه‌وتن و خایاندنی ڕه‌وتی خه‌باتی مافخوازانه‌ و سه‌رقاڵبوونی به‌ شه‌ڕ و ململانێیه‌ك که‌ دوژمن پیلانه‌که‌ی بۆ داڕشتووه‌.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران که‌ ڕێبه‌ر و ڕێکخه‌ری بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی-دێموکراتیکی گه‌لی کورد له‌ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستانه‌، وه‌ك حیزبێکی به‌رپرسیار به‌رانبه‌ر به‌ بزووتنه‌وه‌ و سه‌رجه‌م چین و توێژه‌کانی کوردستان و له‌ سه‌رووی هه‌موویانه‌وه‌ به‌رژه‌وه‌ندیی گشتی و نه‌ته‌وه‌یی، به‌رده‌وام له‌ باره‌ی مه‌ترسی و هه‌ڕه‌شه‌کانی دیارده‌ی چه‌کدارکردن و چه‌کداربوون له‌ دژی خه‌باتی ڕه‌وا و مافخوازانه‌ی گه‌لی کورد هۆشداریی داوه‌. لێره‌وه‌ ڕایده‌گه‌یێنین ئه‌م قۆناغه‌ نوێیه‌، زیاتر له‌ هه‌موو کات پێویستی به‌ یه‌کڕیزی، یه‌کده‌نگی و هاوخه‌باتیی سه‌رجه‌م چین و توێژه‌کانی کۆمه‌ڵگای کوردستان هه‌یه‌. به‌ تایبه‌تی که‌ مه‌به‌ستمان لێره‌دا، چه‌کداره‌ هه‌ڵخه‌ڵه‌تاوه‌کانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی له‌ کوردستاندایه‌ و ده‌بێ له‌ گرنگیی ئه‌م بابه‌ته‌ تێبگه‌ن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، به‌ هه‌ستکردن به‌ به‌رپرسایه‌تیی مێژوویی خۆی به‌رانبه‌ر به‌ ئێستا و دوارۆژی خه‌باتی شۆڕشگێڕانه‌ و جه‌ماوه‌ری که‌ له‌ ژێر ناوی هاوخه‌باتیی "شار و شاخ"دا هاتووه‌، چه‌کدارانی کوردی سه‌ر به‌ ده‌سه‌ڵات ئاگادار ده‌کاته‌وه‌ له‌ گرنگی و هه‌ستیاری ئه‌م قۆناغه‌ نوێیه‌ی خه‌بات تێبگه‌ن و چه‌که‌کانیان دابنێن و چیدی خزمه‌ت به‌ دوژمن نه‌که‌ن.

حیزبی دێموکرات، له‌ ئه‌گه‌ری به‌رده‌وامی و خزمه‌تی ئه‌م چه‌کدارانه‌ به‌ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هۆشداری ده‌دات و داواکاره‌ چه‌کداره‌کانی سه‌ر به‌ ڕێژیم، ئه‌گه‌ر ناتوانن هاوکاریی خه‌باتی نوێی ڕۆژهه‌ڵات بکه‌ن، به‌لانیکه‌مه‌وه‌ دژایه‌تیی هێزی پێشمه‌رگه‌ و خه‌باتی ڕه‌وای ڕۆڵه‌کانی گه‌ل نه‌که‌ن. ئه‌وه‌ی ڕوونه‌، ئه‌و چه‌کدارانه‌ی که‌ خزمه‌ت به‌ سیاسه‌ته‌کانی ڕێژیم ده‌که‌ن و له‌ هاوکاری و یارمه‌تیکردنی هێزی سه‌رکوتکه‌ری ده‌سه‌ڵات به‌رده‌وامن، له‌ گه‌ڵ هه‌ڵوێست و دژکرده‌وه‌ی هێزی گه‌ل ڕووبه‌ڕووو ده‌بنه‌وه‌. لێره‌دا به‌ پێویستی ده‌زانین جه‌خت بکه‌ینه‌وه‌ که‌ ئه‌رکی سه‌رشانی سه‌رجه‌م چین و توێژ و تاکه‌کانی کۆمه‌ڵگای کوردستانه‌ به‌ ڕێنوێنی، هاندان و لۆمه‌ی ئه‌م چه‌کدارانه‌، ڕێگا بۆ گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ ڕیزه‌کانی گه‌ل یان به‌لانیکه‌مه‌وه‌ پاشه‌کشه‌کردن له‌و ڕابردوویه‌ی که‌ هه‌یانبووه‌، خۆش بکه‌ن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی ته‌شکیلات
٢٧ی فێوریه‌ی ٢٠١٧ی زایینی
٩ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٩٥ هه‌تاوی

# حدکا: شه‌ڕی کورد به‌ کورد مه‌حکووم ده‌که‌ین

کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سه‌باره‌ت به‌ شه‌ڕی نێوان پێشمه‌رگه‌ی ڕۆژئاوا و یه‌به‌شه‌ ڕاگه‌ندراوێکی بڵاو کرده‌وه‌.

ده‌قی ڕاگه‌یه‌ندراوه‌که‌:

بۆ هه‌موو ئه‌ندامان و لایه‌نگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو

داواکارین له‌ ئێوه‌ به‌ڕێزان که‌ دوور بکه‌ونه‌وه‌ له‌ لایه‌نگری کردن له‌ لایه‌نه‌ سیاسییه‌کانی ڕۆژئاوای کوردستان. سیاسه‌تی حیزبی ئێمه‌، لایه‌نگری له‌ هیچ یه‌ک له‌و لایه‌نانه‌ی ڕۆژئاوا به‌دژی لایه‌نێکی تر نیه‌.

ئێمه‌ داواکارین که‌ لایه‌نه‌ سیاسییه‌کانی ڕۆژئاوا بتوانن کێشه‌کانی خۆیان له‌ ڕێگای وتووێژ و دیالۆگه‌وه‌ چاره‌سه‌ر بکه‌ن و خۆیان دوور بگرن له‌ شه‌ڕ و تێکهه‌ڵچوونی چه‌کداری به‌ دژی یه‌کتر، تاکوو خوێنی ڕۆڵه‌ی کورد به‌ده‌ست یه‌کتر نه‌ڕژێت.

ئێمه‌ شه‌ڕی کورد به‌ کورد، و براکوژی به‌ته‌واوی مه‌حکوم ده‌که‌ین و هه‌ر له‌و کاته‌شدا بێلایه‌نین له‌ کێشه‌ و ئیختیلافاتی نێوان ئه‌حزابی کورد، بۆیه‌ داواکارین له‌ ئه‌ندامان و لایه‌نگران و دۆستانی حیزب که‌ ڕه‌چاوی ئه‌و سیاسه‌ته‌ی حیزب بکه‌ن.جارێکی تر ئاواته‌خوازین که‌ دیالۆگ و لۆژیکی وتووێژ به‌ تاکه‌ ڕێگاچاره‌ی کێشه‌کان بزانرێت.

کۆمیسیۆنی سیاسی‌ـنیزامیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٩٥ی هه‌تاوی
٣ی مارسی ٢٠١٧ی زایینی

# حیزبه‌کانی ڕۆژهه‌ڵات دژی پیلانی پارلمانی عێراق کۆبوونه‌وه‌

٦ حیزبی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان دژی پیلانی پارلمانی عێراق کۆبوونه‌وه‌.

ڕۆژی چوارشه‌ممه‌ ڕێکه‌وتی ١١ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٩٥ی هه‌تاوی، هه‌یئه‌تی ٦ حیزبی کوردستانی ڕۆژهه‌ڵات له‌ ده‌فته‌ری سیاسیی کۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێڕی زه‌حمه‌تکێشانی کوردستانی ئێران کۆبوونه‌وه‌.

له‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا که‌ هه‌یئه‌تێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی به‌ سه‌رپه‌ره‌ستی محه‌ممه‌دنه‌زیف قادری ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزب به‌شدار بوون، سه‌باره‌ت به‌ هه‌وڵی ژماره‌یه‌ک ئه‌ندام پارلمانی عێراق به‌ مه‌به‌ستی ده‌رکردن و چه‌ککردنی تێکۆشه‌رانی کوردی ئێران له‌ ئارادایه‌ و تا ئێستا نه‌چۆته‌ قۆناغی جێبه‌جێ کردنه‌وه‌، گفتوگۆ کرا.

به‌پێی دوایین زانیارییه‌کان هه‌موو لایه‌نه‌کان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ یه‌کده‌نگ بوون، که‌ ئه‌وه‌ پیلانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانه‌ و به‌ مه‌به‌ستی زه‌ربه‌لێدان له‌ تێکۆشه‌رانی کوردی ئێران کاری بۆ ده‌کرێت، که‌ کاریگه‌ریی له‌ سه‌ر سه‌ربه‌خۆیی سیاسیی عێراق و هه‌رێمی کۆردستانیش هه‌یه‌.

له‌ کۆتایی ئه‌و کۆبوونه‌وه‌دا لایه‌نه‌کان وێڕای هاوده‌نگی له‌سه‌ر ئه‌و مه‌سه‌له‌ کۆمیسیۆنێکی هاوبه‌شیان پێکهێنا تاکوو له‌م ڕێگه‌وه‌ هه‌وڵ بۆ پووچه‌ڵ کردنه‌وه‌ی ئه‌و پیلانه‌ شوومه‌ بده‌ن و بۆ سه‌ردان و دیدار له‌گه‌ڵ سه‌رۆکی کۆتله‌ په‌رله‌مانییه‌کان و لایه‌نه‌ پێوه‌ندیداره‌کان به‌رنامه‌ی کاری هاوبه‌ش به‌ڕێوه‌ ببه‌ن.

دوای کۆبوونه‌وه‌که‌ پرێس کۆنفراسێک بۆ سه‌رجه‌م لایه‌نه‌کان پێکهات و وه‌ڵامی پرسیاری په‌یامنێران وکاناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندن درایه‌وه‌.

# شاندێکی حیزب به‌شداریی له‌ کۆبوونه‌وه‌ی مێریدا کرد

له‌ سه‌ر بانگهێشتی فه‌رمیی ئه‌نستیتۆی مێری، شاندێکی پایه‌به‌رزی حیزبی دێموکرات به‌شدارییان له‌ کۆبوونه‌وه‌ی ڕێبه‌رایه‌تی لایه‌نه‌ سیاسییه‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان کرد. سه‌رله‌به‌یانیی ڕۆژی پێنجشه‌ممه‌ ڕێکه‌وتی ٥ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٩٥ی هه‌تاوی (٢٠١٧/٢/٢٣) له‌سه‌ر بانگهێشتی ئه‌نستیتۆی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست بۆ توێژینه‌وه‌ "MERI" کۆبوونه‌وه‌یه‌ک له‌ به‌رپرسانی کۆمه‌ڵێک لایه‌نی سیاسی کوردستانی خۆرهه‌ڵات پێکهات و شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به‌ سه‌رپه‌ره‌ستی به‌ڕێز مسته‌فا هیجری، سکرتێری گشتی حیزب تێیدا به‌شدار بوو.

له‌ ده‌سپێکی کۆبوونه‌وه‌که‌دا د. دلاوه‌ر عه‌لائودین به‌رپرسی ئه‌نستیتۆی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست بۆ توێژینه‌وه‌ "MERI" به‌خێرهاتنی به‌شدارانی کرد و خۆشحاڵیی خۆی له‌ پێکهاتنی کۆبوونه‌وه‌که‌ و پێشوازیی لایه‌نه‌ سیاسیه‌کان بۆ به‌شداری کردن ده‌ربڕی و هیوای خواست ئاکامی دانیشتنه‌که‌ بتوانێ گیانی هاوکاری و هه‌ماهه‌نگی له‌ نێوانیاندا پتر بکا. پاش ئه‌وه‌، د. دلاوه‌ر کۆمه‌ڵێک پرسی گرنگی وه‌ک ڕه‌وشی سیاسیی ڕۆژهه‌ڵاتی نێوه‌ڕاست دوای هاتنه‌سه‌رکاری "ترامپ"، وه‌ک سه‌رۆک کۆماری نوێی ئامریکا و پێوه‌ندییه‌کانیان له‌گه‌ڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕه‌وشی کورد له‌ خۆرهه‌ڵاتی کوردستان و ڕۆڵی حیزبه‌کان له‌م ئاڵوگۆڕه‌ نوێیه‌دای خسته‌ به‌ر نه‌زه‌ری به‌شداربووان.له‌م کۆبوونه‌وه‌یه‌دا به‌ڕێز مسته‌فا هیجری له‌سه‌ر سیاسه‌ته‌کانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران له‌ ئاستی نێوخۆی که‌ بریتییه‌ له‌ سه‌رکوت و زه‌بر و زه‌نگ به‌رانبه‌ر به‌ چالاکانی سیاسی و مه‌ده‌نی، نکۆڵی کردن له‌ شۆناسی نه‌ته‌وه‌کانی ئێران و به‌تایبه‌ت دژایه‌تی کردنی له‌گه‌ڵ پرسی کورد له‌ هه‌موو پارچه‌کانی کوردستان بۆ گه‌یشتن به‌ مافه‌ سیاسی و نه‌ته‌وه‌ییه‌کانی و هه‌وڵدانی له‌گه‌ڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ په‌کخستنی به‌ ده‌وڵه‌ت بوونی کورد له‌ باشووری کوردستان و دنه‌دانی ده‌وڵه‌تی ناوه‌ندیی عێراق بۆ گوشار خستنه‌ سه‌ر ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێران و به‌ئاکام نه‌گه‌یشتنی ڕێککه‌وتننامه‌ی ناوکیی ڕێژیم له‌گه‌ڵ وڵاتانی ٥ کۆ ١ به‌و شێوه‌یه‌ی ڕێبه‌رانی ڕێژیم باسیان لێ ده‌کرد، به‌ ڕوونی قسه‌ی کرد.

له‌ به‌شێکی دیکه‌ی باسه‌که‌یدا ئاماژه‌ی به‌وه‌دا که‌؛ کورد له‌ خۆرهه‌ڵاتی کوردستان کاتێک ده‌توانێ ببێته‌ هێزێک که‌ له‌و ئاڵوگۆڕه‌ سیاسییانه‌دا به‌ ئه‌ژمار بێت، که‌ بۆ خۆی له‌ ئاستی نێوخۆیی چالاک بێ و بتوانێ کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک دژی سیاسه‌ته‌کانی ڕێژیم ڕێکبخات و حیزبه‌ سیاسییه‌کانیش له‌م پرۆسه‌یه‌دا ده‌وری کاریگه‌ر بگێڕن. هه‌روه‌ها نابێ هیچ دوو دڵییه‌ک بۆ خه‌ڵک بهێڵێته‌وه‌ که‌ له‌ چوارچێوه‌ی ئه‌م ڕێژیمدا پرسی کورد چاره‌سه‌ر ده‌بێ، به‌م خوێندنه‌وه‌یه‌وه‌ ده‌توانین له‌ ئاستی هه‌رێمی و نێونه‌ته‌وه‌ییشدا ببینه‌ هێزێکی شوێندانه‌ر و جێگای سه‌رنج.به‌ڕێز هیجری له‌ کۆتایی باسه‌که‌یدا وتی؛ ئێمه‌ وه‌ک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ زیاتر چالاکبوونی جووڵانه‌وه‌ی کورد له‌ خۆرهه‌ڵاتی کوردستان ئاماده‌ی هاوکارین له‌گه‌ڵ ئه‌و لایه‌نه‌ سیاسییانه‌ی که‌ خاڵی هاوبه‌شیان بۆ خه‌بات دژی ڕێژیم له‌گه‌ڵمان هه‌یه‌؛ جارێکی دیکه‌ش سپاسی ناوه‌ندی مێری کرد بۆ هه‌وڵ و ته‌قه‌لاکانیان له‌ نزیک کردنه‌وه‌ی هێزه‌ سیاسییه‌کانی خۆرهه‌ڵاتی کوردستان.له‌م کۆبوونه‌وه‌دا هه‌رکام له‌ حیزب و لایه‌نه‌ سیاسییه‌کان ڕاوبۆچوونی خۆیان باس کرد، ئه‌وه‌ی جێگای خۆشحاڵییه‌ که‌شی کۆبونه‌وه‌که‌ زۆر دۆستانه‌ بوو و له‌و ڕاگۆڕینه‌وه‌یه‌دا بۆ هاوکاری کۆمه‌ڵێک خاڵی هاوبه‌ش ئاماژه‌ی پێ کرا، که‌ ده‌توانێ بۆ درێژه‌دانی دانیشتنه‌کان و پراکتیزه‌ کردنی ئه‌و بۆچوونانه‌ یارمه‌تیده‌ر بێ.له‌ کۆتایی ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه‌دا، د. دلاوه‌ر عه‌لائودین جارێکی تر سپاسی به‌شدارانی کرد و هیوای خواست له‌م پرۆسه‌یه‌دا هه‌نگاوی عه‌مه‌لی‌تر هه‌ڵبگیرێ.



# حیزبی شیوعیی کوردستان سه‌ردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی شیوعیی کوردستان له‌ سه‌ر ڕه‌وشی سیاسیی ناوچه‌ و پرسی کورد پێکه‌وه‌ کۆبوونه‌وه‌. ڕۆژی سێ‌شه‌ممه‌ ڕێکه‌وتی ٣ی ڕه‌شه‌مه‌ی ١٣٩٥ی هه‌تاوی، شاندێکی پایه‌به‌رزی حیزبی شیوعیی کوردستان به‌ سه‌رپه‌ره‌ستیی "د. کاوه‌ مه‌حموود"، سکرتێری گشتیی حیزبی شیوعیی کوردستان سه‌ردانی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و له‌ لایه‌ن "حه‌سه‌ن شه‌ره‌فی"، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و ئه‌ندامانی ده‌فته‌ری سیاسییه‌وه‌ پێشوازییان لێ کرا. له‌م سه‌ردانه‌دا، باسێکی سیاسی له‌ سه‌ر ڕه‌وشی سیاسیی ناوچه‌ و پرسی کورد و ئه‌گه‌ری ئاڵوگۆڕه‌ سیاسییه‌کان و شوێندانه‌رییان له‌ سه‌ر به‌ره‌وپێش‌چوونی پرۆسه‌ی سیاسیی ناوچه‌ و هه‌رێمی کوردستان و به‌شه‌کانی دیکه‌ی کوردستان له‌ نێوان هه‌ر دوو حیزب تاوتوێ کرا و به‌ گه‌شبینییه‌وه‌ ئاکامی ئه‌و گۆڕانکاییانه‌ هه‌ڵسه‌نگێندرا.

له‌و دیداره‌دا، له‌ سه‌ر ئه‌و ڕاستییه‌ش جه‌خت کرایه‌وه‌ که‌؛ ده‌سته‌به‌ربوونی ئه‌و ئامانجه‌ سیاسی و مه‌ده‌نی و نه‌ته‌وه‌ییه‌، ته‌نیا به‌ یه‌کیه‌تی و یه‌ک هه‌ڵوێستیی حیزب و لایه‌نه‌ سیاسییه‌کانی کوردستان وه‌دی دێت.له‌ کۆتایی ئه‌م دیداره‌دا دوو لایه‌ن له‌سه‌ر به‌رده‌وام بوونی پێوه‌ندیی هه‌ر دوو حیزب که‌ ڕابردوویه‌کی دۆستانه‌ی له‌مێژینه‌یان پێکه‌وه‌ هه‌یه‌، پێداگری کرایه‌وه‌.

# ڕێژیمی ئێران وانە دژی حیزبە کوردییەکاندەڵێتەوە

بەرپرسانی فێرکردن و پەروەردەی ڕێژیمی ئێران بۆ دژایەتی و بەدناوکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەلات، بۆ ساڵی داهاتووی خوێندن وانەیەک دژی حیزبە کوردییەکان لە قوتابخانەکان دەڵێنەوە.
لە دوایین هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران دژی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەلات و حیزبەکانی دژبەری ئەو ڕێژیمە، وانەی دژی ئەو حیزبانەی بە فەرمی لە خوێندنی قوتابیان زیاد کردووە.
بەپێی ئەم هەواڵە بۆ ئەمساڵ واتە ساڵی نوێی خوێندن، لە کلاسی ٦ و ٧دا لە قوتابخانەکان وانە دژی حیزبە کوردییەکان دەوترێتەوە.
ئەو وانە وتنەوەیە تەنیا دژی حیزبە کوردییەکان نیە، بەڵکوو دژی مەزهەبی سوننەش هەمان کردەوەی دزێو بەڕێوەدەبرێت.
لەو پێوەندییەدا لە هەواڵێکدا کە بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا گەیشتووە، مامۆستایانی قوتابخانەکانی نەغەدە دژی حیزبی دێموکرات وانە دەڵێنەوە و لە وانەکانی خۆیاندا باس لە ڕاسان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات دەکەن و حیزبی دێموکرات بە "شەڕخواز و هاوکاری ئیستبداد" لە قەڵەم دەدەن.
ڕێژیمی ئێران لەکاتێکدا دژی سوننە مەزهەبەکان وانە دەڵێتەوە کە؛ پێڕەوانی ئایین و مەزهەبە غەیرە شیعەکان لە ئێراندا بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتەوە سەرکوت دەکرێن و ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو لە پێڕەوانی مەزهەبی سوننە و ئایینی بەهایی، مەسیحییەت و... لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر و مەحکووم دەکرێن.
لە سەرەتای دەستپێکی خەباتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی باڵای ئەو ڕێژیمە بەردەوام هەڕەشە لە حیزبی دێموکرات دەکەن و لە هەوڵدان کە بە هەر شێوەیەک، بەرەنگاری ئەم خەباتە ببنەوە.
خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات لە نەورۆزی ئەمساڵدا لەژێر ناوی ڕاسان دەستی پێکرد و حیزبی دێموکرات هەتا ئێستا چەندین ڕۆڵەی بە نرخی خۆی لەو ڕێگایەدا فیدا کردووە و لە سەر درێژەپێدانی ئەم خەباتە شێلگیرە.

# مامۆستایانی پارێزگای ورمێ پەیامی سەرەخۆشییان بۆ حیزبی دێموکرات نارد



کۆمەڵێک لە مامۆستایانی پارێزگای ورمێ، بە ناردنی پەیامی هاوخەمی بە بۆنەی کۆچی ناوەختی کاک عەبوو کەریمی چالاکی سیاسیی ناسراوی کورد و کاک ڕەسوڵ ڕەش ئەحمەدی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی مەهاباد بڵاو کردەوە.
دەقی پەیامەکە:
بە داخەوە لە ٢٥ی مانگی ڕێبەندان، کۆچی ناوەختی کاک عەبوو کەریمی مامۆستا و سیمای ناسراوی قوتابخانەکانی شاری مەریوان لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران و کاک ڕەسول ڕەش ئەحمەدی مامۆستای سەرتایی قوتابخانەی مەهابادمان بیست.
کاک عەبدولڕەزا کەریمی مامۆستای مێژوو لە دەبیرستانەکانی شاری مەریوان بوو. ناوبراو لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا یەکێك لە مامۆستا پێشڕەو و تێکۆشەرەکانی مەیدانی خەباتی شار بوو. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی کرد بە خەباتی سیاسی لە ڕێکخراوە چەپەکاندا و پاشان لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە کردەوە چووە مەیدانی خەباتی پێشمەرگانەوە، بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد، و تا دوا هەناسە وەفادار بە ڕێبازی حیزب مایەوە و لە حیزبی دێموکراتدا تێکۆشا.
هەروەها کاك ڕەسوڵ ڕەش ئەحمەدی هەم وەك مامۆستا و هەم وەك نووسەر و شاعێر، هەردەم قەڵەمی لە خزمەت ئەدەب و هونەری کوردیدا بوو و بە کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر دەناسرا کە ببووە خۆشەویستی مامۆستایان و قوتابییانی شاری مەهاباد.
ئێمە وەك کۆمەڵێك لە مامۆستایانی پارێزگای ورمێ، خۆمان بە بەشدار و شەریکی خەمی لە دەستدانی ئەم دوو تێکۆشەرە دەزانین و سەرەخۆشی لە هاوڕێیانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی بەڕێزی کاك عەبوو کەریمی لە شاری کرماشان و بنەماڵەی کاك ڕەسوڵ ڕەش ئەحمەدی و هەموو فەرهەنگیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

# ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژهەڵات پیلانی نوێی ئەمنییەتی گرتەبەر

ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران بە هۆی ترسیان لە خەباتی نوێی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەلات، پیلانی دزێو و سەرکوتکارانەی زیاتریان خستووەتە گەڕ.
ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران بە هەر شێوە و ڕێگایەک لە هەوڵی ئەمنییەتی‌تر کردنی ڕۆژهەلاتدایە و پیلانی زیاتر دەخاتە دەگێڕێت.
لە دوای دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەژێر ناوی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، ڕێژیم بە تەواوی ترسی لێ نیشتوە و ئەو خەباتە وەکوو مەترسییەکی گەورە و سەرەکی بۆ ئاسایشی وڵاتەکەی خۆی دەبینێ.
ڕێژیم لە دوایین هەوڵەکانی خۆیدا بە شێوازی جۆراوجۆر ترسی خۆی ئاشکرا کردووە و لەو پێوەندییەدا ماوەیەک لەوەپێش لە شاری بۆکان جاش و پاسدارەکانی بنکەی سەرەکیی سپای پاسدارانی ڕێژیم (هەڵکەوتوو لە جاددەی سەد، لە تەنیشت موجتەمەعی ئیدارات)، فۆڕمێکیان بە خەڵکی ئەو گەڕەکە واژۆ کردووە کە ناوەڕۆکی فۆڕمەکە بەو شێوەیە بووە کە؛ هەر کەسێکتان بینی سەرقاڵی وێنە یا فیلم گرتن لە بنکەی سپا بوو ئاگادارمان بکەنەوە و هەروەها لەو فۆڕمەدا هاتووە ئەو کەسانەی کە فۆڕمەکەیان واژۆ کردوە ئەرکدارن کە ئەگەر بە هەر شێوەیەک ویستیان ماڵەکەیان چۆڵ بکەن و کەسێکی دیکە لە جێگای خۆیان نیشتەجێ بکەن، ئەوە دەبێ سپای ڕێژیم ئاگادار بکەنەوە.
لە بەشێکی دیکەی ئەو فۆڕمەدا هاتووە کە؛ ئەگەر هەر کەس یا بنەماڵەیەکی تازە هاتە ئەو گەڕەکە دەبێ سپای ڕێژیم ئاگادار بکرێتەوە.
لە دوای حزووری بەربڵاوی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات، ڕێژیم و دەسەڵاتە پۆشینەکەی ترسێکی زۆریان لێ نیشتووە.
ڕێژیم مووچەی مانگانەی جاش و بەکرێگیراوانی خۆی بۆ نموونە لە یەک هەنگاودا بە بڕی ٧٠٠ هەزار تمەن زیاد کردووە تا زیاتر گوێ لە مستی ڕێژیم بن.

# سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیمی ئێران ترسی لێ نیشتووە

فەرماندەی هێزی زەمینیی سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەوانیدا هێرشی کردە سەر خەباتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
بەپێی ڕاپۆرتێک کە هەواڵدەریی "فارس" سەر بە سپای پاسدارنی ڕێژیم بڵاوی کردووەتەوە، محەممەد پاکپوور، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەوانیدا باسی لەوە کردووە کە؛ حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران چالاکیی تازەیان دەست پێکردووە و لە هەمانکاتدا سپای پاسداران "اشراف اطلاعاتی" خۆی لە سەر باشووری کوردستان نیسبەت بە پێشوو ٧٠ لە سەد زیاد کردووە و بە سەر ئەو حیزبانەدا "مسلط"ـە.
ناوبراو لە بەشێکی قسەکانیدا، تۆمەت و قسەی بێبنەمای خستە پاڵ حیزبەکانی ڕۆژهەلات، بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لەو بارەیەوە ڕایگەیاند؛ هەندێک لەو حیزبانە بە پشتیوانیی "ڕێکخراوە بان ناوچەییەکان و هەندێک لە وڵاتانی دەوروبەری کەنداو"، "قۆناغی نیزامی"یان دەست پێکردووەتەوە.
ئەو مۆرە نیزامییەی ڕێژیم، هەروەها باسی لەوە کردووە؛ لە باکووری ڕۆژئاوای وڵاتی ئێران و لەوبەری سنوورەکان کۆنسوولگەریی زۆر دروست بوونە تا حیزبە کوردییەکان دژی ئێمە هان بدەن.
لە دوای دەستپێکردنی خەباتی نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی ڕاسان و چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات، بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بەردەوام درۆ و چەواشەکاری دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو دەکەنەوە و ڕاسانی ڕۆژهەڵات بە هەندێک لایەن و وڵاتانی بیانی گرێ دەدەن، ئەوەش لە کاتێکدایە کە خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.
لەو پێوەندییەدا، مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئاستێکی بەریندا هێزی پێشمەرگە بۆ پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کورد لە نێوخۆی وڵاتدا حزووری هەیە.
خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات لەژێر ناوی ڕاسان ئیرادەی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوانەی خەڵکی کورد دەکات.هەروەها بە پێچەوانەی قسە بێبنەماکانی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە و حیزبی دێموکرات پشتیوانی لە خەبات و خەڵکی نێوخۆی وڵات دەکات.لەو پێوەندییەشدا، بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایانگەیاندووە کە؛ خەباتی نوێی حیزبی دێموکرات لەژێر ناوی ڕاسان کە ویست و ئیرادەی خەڵکە، درێژەی دەبێت و هێزی پێشمەرگەش پشتیوانی لەو خەباتەی خەڵک دەکات.

# دیپلۆماتێکی پێشووی ڕێژیمی ئێران: تێرۆری قاسملوو ڕووخانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بوو

یەکێک لە دیپلۆماتەکانی پێشووی ڕێژیمی ئێران باسی لەوە کردووە کە؛ تێرۆری دژبەرانی ڕێژیمی ئێران وەک قاسملوو، بەختیار و فەڕۆخزاد لە هۆکارەکانی ڕووخانی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران بوو.
بەپێی ڕاپۆرتێک کە لە ڕۆژنامەی "کیهان لندن"دا بڵاو بووەتەوە، "سەید حوسێن مووسەوییان" دیپلۆماتی پێشووی ڕێژیمی ئێران، باسی لەوە کردووە کە؛ تێرۆری ڕەخنەگران و دژبەرانی دەرەوەی وڵات، لە هۆکارەکانی ڕووخانی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران بووە.
دوکتور قاسملوو، بەختیار و فەڕۆخزاد لە لایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە تێرۆر کران.
ئەو دیپلۆماتەی پێشووی ڕێژیمی ئێران هەروەها باسی لەوە کردووە کە؛ دۆزینەوەی مووشەک لەو کەشتییانەدا کە بەرەو ئاڵمان دەچوون، بووە هۆی ڕووخانی ستراتژی نیزامیی ڕێژیمی ئێران لە باشترکردنی پێوەندییەکانی دەرەوە لە کۆتاییەکانی دەیەی شەست و سەرەتای دەیەی ٧٠ی کۆچیی هەتاوی.
مووسەوییان باسی لەوەش کردووە کە؛ وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠دا بە داڕشتنی گەڵاڵەیەک لە لایەن عەلی خامنەیی ستراتژیی "ڕۆژئاوا مێنهای ئامریکا"ی (غرب منهای آمریکا) خستە دەستووری کارەوە.
داڕێژەری ئەو بیرۆکەیە خامنەیی بوو، بەڵام ڕەفسەنجانی وەک سەرکۆماری ئەو کات، ئەو گەڵاڵەی بەردەپێش.
مووسەوییان لە وتووێژ لەگەڵ ماڵپەڕی "دیدەبان ایران" باسی لە ڕووداوەکانی ئەوکاتی ئێران کردووە و پێداگریی کردووە کە تێرۆری ڕێبەرانی کورد لە ڕێستۆرانی میکۆنوس، کوشتنی فەرەیدون فەڕۆخزاد، دۆزینەوەی موشەک لە کەشتیی "ایران کلاهدوز" بۆ ئاڵمان، تێرۆری شاپووری بەختیار لە فەڕانسە، تێرۆری قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڤییەن، و ڕووداوە هاوشێوەکانی لە هەندێک لە وڵاتانی دیکەی ئورووپایی، بووە هۆی ڕووخانی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئێران.عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٨ لەگەڵ چەند هاوڕێی، لە شاری ڤییەنی وڵاتی ئۆتریش، لەکاتێکدا بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو، بەدستی نوێنەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێرۆر کران.

# ئەندامێکی حیزب لە زانستگەی سەلاحەدین بڕوانامەی ماستەری بە پلەی نایاب بەدەست هێنا

نامەیەکی توێژینەوەی ماستەر لە "زانستگەی سەلاحەدین"ی پایتەختی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە شەهید چەکۆ ڕەحیمی کرا.
بەپێی هەواڵی گەیشتوو، ٣٠ی ڕێبەندانی ٩٥، لە زانستگەی سەلاحەدینی شاری هەولێر، نامەی توێژینەوەی عەباس ئەحمەدی بە زیاتر لە ١٦٠ سەرچاوەی کوردی، ئینگلیزی و فارسی لەلایەن لیژنەی گفتوگۆی ماستەر، پلەی نایابی پێ درا.
توێژینەوەی ئەو ئەندامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناونیشانی "پەیوەندیی جیهانگیری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان" پێشکەش بە سەرجەم شەهیدانی کوردستان بەتایبەتی فەرماندە چەکۆ ڕەحیمی، ئەندامی ڕێبەریی پێشووی حیزب کراوە.
عەباس ئەحمەدی بە هەواڵنێری کوردستان میدیای ڕاگەیاند: بەهۆی هاوکاریی و تێکۆشانمان لە ئۆرگانەکانی حیزبی، شەهید چەکۆ هەردەم هاندەر و پاڵپشتی سەرەکیی من بووە لە خوێندن و بردنە سەری ئاستی بڕوانامەی زانستیمدا.
نامەی ماستەری عەباس شەریف ئەحمەد (ئەحمەدی) لەلایەن سەرۆکی لیژنەی گفتگۆکە، دوکتور "صباح احمد نجار"، وەک یەکێك لە باشترین توێژینەوەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری کۆمەڵناسی پێناسە کراوە و پلەی "نایاب"ـی وەرگرتووە.
عەباس ئەحمەدی لەدایکبووی ساڵی ١٣٦٢ لە شاری سنەیە و چوار ساڵ لەمەوبەر بڕوانامەی لیسانسی کۆمەڵناسی لە زانستگەی کۆیە پێدراوە.
ناوبراو شارەزایی باشی لە پرۆگرامی SPSS هەیە و خاوەنی بڕوانامەی نێودەوڵەتی (ICDL) لە کۆمپیوتەرە و چەندین بابەت و توێژینەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە.

## درێژەی پەیڤ

گوشار و هەڕەشەی دوژمنانی نەتەوەکەمان و داگیرکەرانی خاک و سیاسەتماندا، ئاستی تێگەیشتنی کوردستان و هزری کۆیی ئەم نەتەوەیە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە کۆمەڵگایەکی هەستەوەر و لەسەر خەتمان هەیە کە خۆبەخۆ پێش بە سەرهەڵدانی کارەساتی نێوخۆیی دەگرێ.
ڕەنگە گرووپ و لایەن و لە نێو هەندی گرووپیشدا دەستی وا هەبن کە فوو بە ئاگری شەڕی ماڵوێرانکەری نێوخۆییدا دەکەن و ئاکامی وەها شەڕێکیش تەنیا ماڵوێرانی هەموو لایەنەکان و سووتانی کوردستانە، بەڵام ڕێگەیان پێنەدراوە کە لە باری هزرییەوە هێژموونییان بە سەر کۆمەڵگادا هەبێ و کوردستان بەرەو چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی لە ڕێگایە سیاسی و دیالۆگەوە هەنگاو دەنێ.
لێرەدایە کە دەبێ وەکوو کوردستانیەک شانازی بەوە بکەین کە لەسەر پێ و بە ئەزموونی خۆمانەوە، خۆماڵیی دیالۆگ و سیاسەتمان کردۆتە ڕێکار و چوارچێوەی چارەسەری کێشەکانمان. دانیشتن لە پشتی مێزی دیالۆگ، مەرگی براکوژیە.

# نیشانەناسیی ڕاسان وەک شەڕی نوێ

## بەشی سێهەم (کۆتایی)

ن: دیاکۆ موڕادی

و: جەماڵ ڕەسوڵ دنخە

زمان وەک شتێکی دۆزراوە هەمان ئەمری بابەتێکی کۆمەڵایەتییە و زمانناسیی ڕاسان لە شەڕ "ساختارزدایی" (Deconstruit) لە خۆی دەکات و ئەو "ساختارزدایی"ە زمان ناسییە کە ئێمە بە نۆبەی خۆمان ئەوە وەک نیشانەشناسیی هەستانەوە دەزانین.

زمان و گوتار لێک جیا نابنەوە، چوونکە هەر دووک لە سەر مێحوەرێکی یەکان لە دەسەڵات دەسووڕێنەوە. "واج"ەکان و "هم آوایی"ییەکان بە جۆرێک خۆی تەسلیمی نیزامی ئازادیی مەرجدار ناکات و تەنیا لە ڕێگای تێکەڵکردنی ئەوان دەتوانین تۆڕێکی گەورە لە ئامانجەکانی ڕاسان پەرە پێ بدەین.

بۆیە ئامانجی ئێمە کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە لەگەڵ تێکەڵکردنی هۆکارەکانی سەروو، تەنیا یەک دەنگمان گوێ لێبێت (یەکگرتوویی لێرەدا بە مانای وشە لە دەنگەکانی ڕاسان و خەڵکە) و هەر ئەوەش ئەو هێزە لە سەر زۆنێکی نایابی گەورە دەگەڕێنێت تا بە خامەکەی پرچی گوتاری یەک دەنگمان جوان بکەین. ئەو هێزە دەبێتە هۆی ئەوەیکە گەندەڵیی "بلافصل"ی پەیام لە ناو ببەین؛ واتە هەمان زمانی دینامیزم کە کۆمپلێکسێک لە نارەزایەتییەکان و مۆسیقاکان هێرش بەنا دەکات.

هەمیشە ئەوە پرسیار بووە کە چۆن کۆمەڵگایەکی خەفەکراو و دوور لە نارەزایەتی کلیشەکان دروست دەکات؟ واتە کۆتاییەک لە ڕوخسارە دەستکردەکان، وەک مانایەکی دەروونی و ذاتی یا ئامانجە سروشتییەکان کە دەوڵەت پێی داوە تا مەسرەفی بکەن و باوەڕی پێ بکەن کە چۆن نەهادینە کراوە؛ پەس بە ناچاری ڕەوایی خۆی دەبێت. بێخەبەر لەوەیکە "شێواز ناسیی" ڕاسان لە سەر بنەمای تەعمیم دانی زمانە تازەکەی، لەدایکبووی جۆرێک سەبوورییە کە دەڕواتە شەڕی تێکەڵاوی بەد ئەخلاقی و بە ئیستلاح ویژدانی ئاسوودەی کۆمەڵگای (گۆڕدراو) تا ئەخلاقی گشتی لە توێ جیاوازەکانی کۆمەڵ وەخەبەر بێنێت.

ڕاسان بناغەی دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی کۆمەڵگای ڕوناکبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر چەند تووشی گۆڕانێکی کەم بووە؛ تەنانەت ئەگەر ئەو گۆڕانە تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی پسانی بزووتنەوەی تازەی ڕاسان چاو لێبکەین ببینین. هەر بۆیە لە لایەک دەبینین هەر وەک بازنەی خوێندنەوەکانی ڕاسان لەژێر وێنەی ڕەخنەگرانەی بابەتی کۆمەڵگا و بابەتی وتەبێژ بەربڵاوتر دەبێت. بە هەمان ڕادە دەزگاکانی ڕێکخەری نارەزایەتی بڵاو دەبێتەوە و زۆر دەبێت (جووڵەکانی ئەم دواییانەی بەرەی خۆڕاگریی نەتەوەیی) و لە ڕەهەندێکی باڵاتر، دەسەڵاتی سەروەر وەک ئاوێکی ڕەوان لە هەموو جێگایەک بڵاو دەبێتەوە.

لەو نێوانەدا هۆش و زانایی ئێمە بە کەڵک وەرگرتن لە هێرمۆنۆتیکی شێوەداری ستراتژیی بەرەنگاربوونەوە و تێکدانی چەمکی کەلانی گێڕانەوە و بە وەرگرتن لە چەمکی "انسان واجد" هایدیگر "دەرکەوت ناسی" مانای "هەستانەوە"مان شی کردووەتەوە تا ئەوی بگەینە گوتارێکی "جیهانی" (جهانشمول universalite).

بە ڕوانینێک لە کۆمەڵگا بۆمان دەردەکەوێ کە جۆرێک ورووژارویی ئەخلاقی، پەیکرە سیاسییەکانی لەخۆ گرتووە. تا ئەو جێگایە کە تاکەکان تەنانەت داواکاریی حەزەکانی خۆیان بە دەربڕینی هەڕەشەئامێز لە سەر زمان دەخەنە گەڕ. بەو پێیە ئێمە شاهێدین کە ژمارەیەکی زۆر لە ئازادسازییەکان لە تەختی کۆمەڵگا و تەنانەت لە بواری فەرهەنگ، لە چوارچێوەی گوتارێک لە هێز، بکەری هەیە. بەڵام ڕاسان ئەو هێزە لە وێکچووی کۆمەڵایەتی یەکدەست کردووە، بە پشت بەستن بە هۆشی گشتی، ڕەوایی زمانی سیاسیی (دەوڵەت) تێکدەدات.

ئەگەر هێمامان بە تەختی کۆمەڵگا کرد هۆکارەکەی ئەوەیە کە هاوئاهەنگیی دەسەڵاتە وردەکان (سپی کردنەوەی پارە، گەندەڵیی ماڵیی حکوومەت بە پەشتبەستن وەک دەلاڵێکی درۆیین) ڕێک لە هەیئەتێکی ناسراو لە هێزدا خۆ دەردەخات. بەڵام نیشانەشناسی تەختی کۆمەڵگا لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەڵگری هێزی ناوەندڕەو بێکۆتایی و کۆکەرەوە بێت. ئەو ئیجبارە، کۆمەڵگا بۆ پێدانی چەمکە ئابوورییەکان ناچار دەکات. پرەنسیبی وردبینی لە ئاڵۆزترین ڕەفتارە مانادارەکان، واتە نووسینێک کە ئێمە هان دەدات قامک لە سەر جیاوازییەکان دانێین، هەمان جیاوازیی کە ڕاستیی ڕاسانی لە سیاستدا سەرکەوتوو کردووە و ئەو جیاوازییە لە جەستەی ڕوحیی بان زمانناسی دەدرێتە کۆمەڵگا کە دەتوانێت ڕوخساری شاراوەی فریودەرانەی "معرفت شناسی" نیزام پێناسە بکات.بە گوتنێکی ڕەوانتر، ئەوجۆرە زانستە، زانستێکە کە زانستەکانی پێش لەخۆی بێمانا دەکات. سروشتیە بەشێک لە نیشانە شناسی کە باشتر لە هەر بەشێکی دیکە لەو زانستە پێشکەوت، و ڕاسانیش وەک شوێنێکی بزووتنەوە چاوی لێ دەکات، شرۆڤەی گێڕانەوە و ڕەوایەتە گەورەکانە کە دەتوانێت بە زانستەکان وەک مێژوو، خەڵک ناسی، هەڵسەنگاندنی نووسراوە و شرۆڤەی ناوچەیی، شەمایل ناسی (بەو مانایە کە ڕەنگدانەوەی هەر وێنەیەک گێڕانەوەیەکی جێگای هەڵسەنگاندنە) یارمەتی دەدات.

دەبێ عەینیەت بەخشین بە بەڕێوەبەریی ئەو شتە ڕاستە، ڕوخساری ئیرادەی خۆمان دابنێین و بەو مەبەستە ئەمری ڕاستی ناچار دەکات بە سیفەتی ئیجابی بە پێڕەوێکی ڕوون و ئاشکرای تێگەیشتن بۆ هەموان دروست بکات.

ئەمرێک کە بێگەرد لە هەر قاعیدەیەکە و دەتوانین لە شوێنێکی هەستیار "ئەو"ی جێ نشینی "بکەرناسیی" نەمر لە قسەکانماندا دابنێین.

ئەو بابەتانە حەزیان لەوەیە لە بواری "جور ناسیی" سیاسی چەشی خۆی لە تێگەیشتنی ئەفسوونەکان بۆ ئەوانی دیکە ڕاگوازن. ئەو پرۆسەیە کارێکە کە لە ناخی ئەودا نیشانە سیاسییەکانی وەک پەردەیەکی ڕەنگی لە پێش دیدی خەڵک پێشان دەدات. ئەساسنامەی ڕاسان لە فەزایەکەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕووناکبیر لە پلەی چالاکێکی بەرجەستەدا دادەنێت بە جۆرێک کە ڕووناکبیری ئێمە بەها کۆنەکانی نیزام (بەهاکانی شۆڕش و شورای باڵای ئەو) ناجێگیر دەزانێت نە هەڵگر؛ و هەروەها لەو باوەڕەدایە کە ئەو بەهایانە ناتوانن کەسێک فریو بدەن. ڕوحی قسەی ئەوەیکە ئەدەبیاتی شەڕی ئێمە هەموو ناوەندەکانی "سڕینەوەی پیرۆزییەکان" کردووە و ئەوەش بە ڕادەیەکی لێهاتووە کە ئەو ناوەندانە لە پاراستن و سەپاندنی بەها درۆیینەکانیان بە شێوەی نموونەی جەبریی ئەمری مرۆیی بێهێز بکات. هێرشی زانستیی ئێمە هەر لەو دورەدیمەنەوە ڕوانیویەتە سەر ئەو خوانە (سفرەی شۆڕش). ئەنجامەکەی ئەوەیە کە هێشتا ڕوانینێک هەیە کە بتوانن هەر چەند تا ڕادەیەک بەلارێدا بردن، چاولێکەری بابەتە کۆن و شایەد جوان بن کە ئیتر مانای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست داوە و مانای لەدەست داوە. لەو ناتەباییەدا، ساتی یاسایی خوێن لە دەماردا (بە کڕنوش و ڕێزەوە پلەی بەرزی یازدە شەهیدی ڕاسان) لەدایک دەبێت. ساتێک لە نێوان دابەزین و چوونەسەر، ساتێکی پڕ شکۆی هەستانەوەیەک، ساتێکی مێژوویی لە نەهایەتی خۆشی و شادیدا.بنمایەی دەنگی یاسایی ئێمە، هەر ئەو ساتانەن کە هەڵقولاو لە دڵ ڕوانگەیەکی پێکهاتەدار و ڕێکخراو لە وەفاداری بە گەلە. ڕاستە و ڕاستە ئەوە هەمان توانایی گوتنێکە کە خۆی ڕەنگدانەوەی خۆیەتی.

دەنگدانەوەی ئەو شێوەیە، لە لێهاتوویەکدایە کە توانیویەتی جەبریەتی گوتاری دەسەڵاتی نیزام دەستەمۆ و لە هێزی ئەو کەم بکاتەوە. بە دروستی کە فەلسەفەی ئەو ئامانجە توانیی ژیانی ئەبەدی ـ تەغەزۆلی لە جەستەی ڕابردوو بەردەوام بکات (بە ڕێزدانان بە دوو ڕێبەر و دوو شەهید و دوو فیلسوفی خۆمان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی) و لە مێژووی حیکایەتەکان مرۆڤناسییەکی بەرین دەخاتە ڕوو. ئێمە لە دەروونیبوونی زانست قسە دەکەین و ئەزموونە تازەکانمان ژیانێکی تازە نێو لێ دەنێن کە بەرهەمی ئەو بۆشناخییە لەگەڵ تێکەڵاوییەک لە زانایی و حەماسەت بە ژیان دەبێت. ئەو بۆشناخییە دەبێتە هۆی ئەوەیکە هێز ئیتر نە تەنیا وەک هێزێکی نەرێنی و سەرکوتگەر، بەڵکوو مەرجی هەر دیالۆگێک ببێت، واتە دەسەڵات ئەم جۆرە دەکێشینەوە کە وەک شتێکی پێکناکۆک و نە تەنیا یەکپارچە کە بە شێوەیەکی بەرابەر دابەش کرابێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە پێوەندییەک لە نێوان بابەت ـ چەشنی بەکارهێنانی دەسەڵات لە جۆری "خوداکان ـ عەبد"ی هێگێل نەبێت. بەڵکوو پێوەندییەکی بابەتیانە بێت کە هێزبەکار بێنێت و چەشنێک کە لە بەرانبەر ئەو هێزە بە هەموو هێز خۆڕاگری دەکات. کردەییتر کردنی شۆڕشی نوێی ئێمە زانستێکی وەک ڕاسان دەدات کە "ریتوریقای" هەیبەتی شکۆداری، ناسینی ئۆنتۆلۆژیک لە بوونی هەستانەوەیە.



# ڕاسان، مۆتەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران!

جەمیل کولاهی

بە پێی ئەو هەواڵانە کە لە ماوەی ڕابردوودا بڵاو بوونەتەوە، کوتلە سیاسییەکانی لایەنگری ڕێژیمی ئێران لە پارلەمانی عێراقدا بە فیتی ئێران دەیانهەوێ پرۆژە یاسایەك لە پارلەماندا بخەنە بەرباس کە بەو پێیە هیچ حیزبێك نەتوانێ خاکی عێراق دژی دراوسێکانی بە کار بێنێت! هەنووکە لە خاکی عێراقدا هیچ گرووپێك کە دژی دراوسێکان بجووڵێتەوە غەیری حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و پەکەکە بوونی نیە! بەڵام پەکەکە لە بەرەی ئێراندایە و تەنانەت لە شەنگالیش هاوکاریی هێزەکانی عێراق دەکات! بۆیە ئەم پرۆژەیە پێوەندیی بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە!

پرسیار ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە بەرچی دەیهەوێ ئەم پرۆژەیە لە پارلەمانی عێراقدا پەسند بکرێت؟ ئایا ڕێژیم پێشتر و لە کاتی شەڕی نێوخۆدا کە کوردستانی باشوور لەو پەڕی لاوازیدا بوو، نەیدەتوانی وەها پرۆژەیەك بێنێتە ئاراوە! بۆچی لە کاتێکدا ئەم پڕۆژەیە دەخاتە ڕۆژەڤەوە کە هەرێمی کوردستان لە چاو ڕابردوو زۆر بەهێزترە و پشتیوانیی نێونەتەوەیی بەربڵاوتر و باری ئابووریی باشتری هەیە؟

بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانە، دەبێ ئاوڕێك لە دۆخی ئێران و ناوچەکە بدرێتەوە! ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە دوای بەهاری عەرەبییەوە، بۆتە جێگەی ململانێی هێزە گەورەکان و شەڕ و ئاژاوەیەکی بێ وێنە هەنووکە لەو ناوچەیە لە ئارادایە. شیمانەی ئەوە دەکرێت کە ئەم شەڕە بەم زووانە بگاتە ناو سنوورەکانی ئێرانیش! هەر بۆیە دەبینین کۆماری ئیسلامی بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە خۆی و پاراستنی سیستمەکەی دەستی خستۆتە نێو ئەو ئاژاوانە و تەنانەت دەڵێ ئێمە سنوورەکانی خۆمان لە سووریە دەپارێزین! ڕێژیم دەیهەوێ بە پاراستنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و پێکهێنانی حەشدی شەعبی لە عێراق و پشتیوانی لە حووسییەکانی یەمەن و خەریککردنی عەرەبستان پێیەوە، سنوورەکانی خۆی ئارام ڕابگرێت!

بەڵام خاڵی لاوازی ئێران فرەنەتەوەبوونی ئەو وڵاتەیە! بە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی سیستماتیك دەیهەوێ ئەو نەتەوانە لە نێو نەتەوەی باڵادەستدا بتوێنێتەوە، لە لایەن نەتەوەکانی ئێرانەوە لەگەڵ دژکردەوەیەکی توند بەرەوڕوویە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قەیرانی نەتەوەیی لە ئێراندا قووڵتر دەبێتەوە! جیا لەوەش، قەیرانی ئابووری و سەرکوتی لە ڕادەبەدەر کە تەنانەت بەشێك لە ڕێژیمی گرتۆتەوە و ئەو کەسانەی کە ڕۆژانێك بۆ سەپاندن و جێگیرکردنی ڕێژیم لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتێك سڵیان نەدەکردەوە، ئەمڕۆ دەستبەسەر کراون! ئەم دوو قەیرانە واتە قەیرانی ئابووری و سیاسی سیستمی دەسەڵاتداریی ئێرانیان خستۆتە لەرزە و ڕێژیم لە هەر چەشنە جووڵەیەك دەترسێت!

ئەگەر لەم سۆنگەیەوە بڕوانین بۆ مەسەلەکە بە وەڵامی پرسیارەکان دەگەین! کۆماری ئیسلامی دەیان میلیارد دۆلاری خەرجی شەڕ لە وڵاتانی ناوچەکەدا کردووە، تاکوو شەڕ نەیەتە نێو سنوورەکانی ئێرانەوە، چوونکە دەزانێ لە ئێرانی فرەنەتەوەدا هەرچەشنە شەڕ و ئاڵۆزییەك خێرا پەرە دەستێنێ! بەڵام ڕاست لەم کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پڕۆژەی ڕاسان دەخاتە ڕۆژەڤەوە! ئەمە بە مانای بە فیڕۆدانی هەموو ئەو پارەیە دەبێت کە کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی ڕێژیم خەرجی کردووە! واتە ئەگەر ئاژاوەنانەوەی ڕێژیم لە دەرەوە بۆ پاراستن و مانەوە و ئەمنییەتی ڕێژیم "تێز" بێت، ئەوە ڕاسان "ئانتی تێز"ە! لە پێکدادانی نێوان ئەم دوانەدا "سەنتێز" دێتە ئاراوە کە هەمان ڕزگاریی نەتەوەییە!

پێویست بە ئاماژەپێکردنە کە هەر پرۆژەیەك کە بیهەوێ سەر بکەوێ، دەبێ دوو تایبەتمەندیی هەبێت:

١. پێویستیی مێژوویی! واتە ئایا ئەم پرۆژەیە لەو بڕگە مێژووییە پێویستە یان نا! ئایا لە ئێستادا ڕاسان پێویستە یان نا؟ کە بە دڵنیاییەوە پێویستە، ئەویش بەو چەند هۆیە کە: کورد نەتەوەیەکی بندەستە و داگیرکەریش یەکێك لە دڕندەترین ڕێژیمەکانی مێژوویە، بۆیە هیچ چەشنە خەباتێکی مەدەنی و ئاشتییانە لەو بەشەی کوردستاندا بە ئامانج ناگات! ڕێژیمی داگیرکەر لە ژێر زەختی دەرەکی و نێوخۆییدایە و قەیرانی سیاسی و ئابووری سەرتاپای ڕێژیمی گرتۆتەوە و ڕێژیمی نوقسان کردووە، کێشەی نەتەوەیی لە ئێرانی فرەنەتەوەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە، جیا لەوانە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەو پەڕی شپرزەیی و ئاڵۆزییی خۆیدایە و ئەوە دەرفەتێکە کە کورد دەبێ بە قازانجی خۆی بیقۆزێتەوە.

٢. تا چەندە خەڵك خۆیان لە نێو پڕۆژەکەدا دەبیننەوە، واتە پڕۆژەکە دەبێ وەڵامدەری ئاواتەکانی خەڵك بێت تا جێگیر ببێت!

ڕاسان ئەو پرۆژەیەیە کە هەردووکی ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە، هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی کە پێشتر بە هیچ شێوەیەك ئاماژەیەکی چووکەشی بە نێوی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات نەدەکرد، ئێستا هەموو بەرپرسانی لە چووکە و گەورەوە ناوی دەبەن و هەڕەشەی لێ دەکەن! هەر ئەوە دەرخەری گرینگیی ڕاسانە! لایەنەکانی دیکە لە ساڵانی ڕابردوودا تیمیان ناردۆتەوە و جەولەیان کردووە! بەڵام دەبینین کە ڕێژیم بەو جەولانە ئەوەندە هەستیار نەبووە و ناوی نەبردوون، بەڵام بە ڕاسان هەراسانە و لە تاران بەردەوام باسی دەکرێت! بۆ؟ چوونکە ڕاسان تەنیا جەولە نیە، بەڵکوو پرۆژەیە وکۆماری ئیسلامیش لە مەترسیی ئەو پرۆژەیە بۆ سەر خۆی تێگەیشتووە!

ئەوەی کە ڕێژیم دەیهەوێ وەها پرۆژەیەك لە پارلەمانی عێراقدا پەسند بکرێت، بە هۆی ئەوەیە کە دەیهەوێ دیسان لە دەرەوەی سنوورەکاندا ئەمنیەتی خۆی بپارێزێت و هەر لە دەرەوەی سنووردا ڕاسان تووشی شکست بکات! ئەگەر ئەم هەوڵەی ڕێژیم لە عێراقدا سەر نەگرێت، لەوانەیە پەنا بباتە بەر دوو سیناریۆی دیکە! دەستپێکردنەوەی تیرۆرەکان لە کوردستانی باشوور و هەڵخڕاندنی شەڕ بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن هێزە کوردییەکانی لایەنگری خۆیەوە، دوو سیناریۆن کە کۆماری ئیسلامی دەتوانێ وەك ئاڵتێرناتیڤ کەڵکیان لێ وەرگرێت!

لێرەدا پێویستە بڵێین کە مەبەستی کۆماری ئیسلامی دەرکردنی حیزبەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی باشوور نیە! چوونکە دەزانێ لە ئێستادا ئەوەی بۆ جێبەجێ نابێ! ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە لە پلەی یەکەمدا کوردی هەر چوار پارچە یەك نەتەوەیە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە گەڵ ڕێکخراوی موجاهیدین کە فارس بوون و بنکەیان لە خاکی عەرەبدا بوو، جیاوازییەکی یەکجار زۆریان هەیە! جیا لەوەش، حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی باشوور پێوەندییەکی توندوتۆڵیان هەیە! بۆیە هەر چەشنە هەوڵێك بۆ هەڵپێچان و هێرشکردنە سەر بنکەی ئەو حیزبانە بە زیانی پارتەکانی باشووره و بە توندی دەکەونە بە هێرشی ڕای گشتیی کوردستان لە هەر چوار پارچەی نیشتماندا!

هەر بۆیە ئەو پرۆژە یاسایە پێوەندیی بە بارەگای هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە شاخەوە هەیە، نەك کۆیە و شوێنەکانی دیکەی باشووری کوردستان! پرۆژەیەك کە ڕاستەوخۆ قەندیل و کێلەشینی کردۆتە نیشانە! ئێستا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرۆژەی ڕاسانی دەست پێکردووە، ڕاستەوخۆ ئەمنیەتی ڕێژیمی خستۆتە مەترسییەوە! تێکهەڵچوونی چەکداریی ڕاستەوخۆ چۆتە نێو سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمەوە! واتە ئەو شتەی کە ڕێژیم لێی دەترسا و بۆ دوورخستنەوەی بە میلیارد پارەی سەرف کردووە، ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ لەگەڵی دەستەویەخە بووە!

ڕێژیم دەزانێ کە پرۆژەی حیزبی دێموکرات واتە "ڕاسان" تەنیا بە پرۆژە وەڵام دەدرێتەوە! حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك گەورەترین و بەهێزترین حیزبی ڕۆژهەڵات ئەمڕۆ لە سەر شاخە و خەریکی بنیاتنانەوەی ژێرخانی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتە! ئیتر ڕۆژهەڵات وەك جاران نەماوە کە بە ئاسانی مامەڵەی لە سەر بکرێت! واتە خەریکە جێگەی خۆی لە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەکاتەوە! چوونکە خەریکە دەبێتە خاوەنی هێز و لە دنیاشدا هەر لایەنێك هێزی هەبوو حسێبی لە سەر دەکرێ و دەبێتە خاوەنی قورسایی و ناتوانرێ لە هاوکێشەکاندا لە بەر چاو نەگیردرێ! ڕێژیمیش هەر وەك گوترا بە گرینگیی ئەم هەنگاوەی حیزبی دێموکراتی زانیوە، بۆیە بە دوای هێنانە خوارەوەی بنکەی پێشمەرگەیە بۆ دەشتی کۆیە!

ئەو پرۆژەیە لە بەغدا دەستی پێ کردووە، ئەگەر پەسند بکرێت لە داهاتوودا هەرێمی کوردستان دەخەنە ژێر گوشاری ئابووری و سیاسی و هەروەها لە باشوور ئاژاوە دەنرێتەوە تا حکوومەتی هەرێم ناچار بکرێ زەخت بخاتە سەر حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە لە قەندیل بێنێتە خوارەوە و واز لە ڕاسان بێنێت! بەڵام ڕێژیم دیسان خەریکە هەڵە دەکات، چوونکە پەیامی ڕاسان ڕۆیشتۆتە نێو خەڵك و خوێنی پێشمەرگەی بۆ دراوە و پاشگەزبوونەوەیەك لە ئارادا نیە! بۆیە کۆماری ئیسلامی شاخی کردۆتە ئامانج، نەك کۆیە! چوونکە دەزانێ کۆیەی پێ هەڵناپێچرێ!



## ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕەخنەی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا گرت

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی هەینی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا سەبارەت بە ساڵی ٢٠١٦ ڕەخنەی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە گرت.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە بەشی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە ئێران لە ساڵی ٢٠١٦دا هاتووە کە: "گرینگترین کێشەکان لە بواری مافی مرۆڤ لە ئێراندا سنووردداربوونی ئازادییە مەدەنییەکانی وەك ئازادیی دەربڕین، کۆبوونەوە، ئایین و ڕاگەیاندنەکانن".

ئەو ڕاپۆرتە هەروەها ڕەخنەی لە هەڵسوکەوتی ڕێژیمی ئێران بەرانبەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکان، ژنان و کەمینە ئایینییەکان گرتووە.

لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە: "یەکێك لە کێشەکانی دیکە لە بواری مافی مرۆڤ لە ئێراندا، نەبوونی دادوەریی عادڵانە و سزای ئیعدام بۆ ئەو تاوانانە کە بە گوێرەی دادوەریی عادڵانە، نابێ وەها سزایەکیان بۆ دیاری بکرێت و هەروەها شێوازی نامرۆیی و دوور لە کەرامەتی مرۆیی بەڕێوەچوونی سزا بۆ ئەو بەندکراوانەیە کە بە شێوەی سەرەڕۆیانە و نایاسایی دەستبەسەر و ئەشکنجە دەکرێن یان دەکوژرێن".

ئەو ڕاپۆرتە هەروەها وێڕای ڕەخنەگرتن لە توندوتیژیی سیاسی و بزرکردنی نەیارانی سیاسی ڕایگەیاندووە: "هاوڵاتیانی ئێران بۆ دیاریکردنی حکوومەت لە ڕێگەی ئاشتیانە و هەڵبژاردنی ئازاد و عادڵانەوە لەگەڵ ئاستەنگی زۆر بەرەوڕوون".

لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا بۆ ساڵی ٢٠١٦ هەروەها ڕەخنە لە بارودۆخی گرتووخانەکانی ئێرانیش گیراوە.

وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام ڕەخنەی لە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا گرتووە.

# نیزامی پیاوسالار و پرسی ژن

ئا : جەلال ڕەوانگەرد

ئەوەی لە نووسراوە مێژووییەکاندا لەهەمبەر بابەتی فیمینیستیەوە بەرچاو دەکەوێ و هەروەهاش لە قسە و باسە فیمینیزمییەکاندا هەموو کاتێك بە شێوەیەکی جیدی ئاوڕی لێدەدرێتەوە، پێویستیی فێرکردن و بارهێنانی بوارە جۆراوجۆرەکان بۆ ژنان و کچانە. مافی خوێندنیش گرینگترین مژار بووە و ئیستاکەش هەر بەردەوامە. نیزامی پیاوسالار بە لەپەراوێز خستنی ژنان لە خوێندن و بارهێنان لە قۆناغە جۆراوجۆرە مێژووییەکاندا، کەڵکی وەرگرت و پوانگەلێکی وەدەست هێنا، تاکوو لەو ڕێگەیەوە زیاتر توێژی ژن بچەوسێننەوە و دەسەڵاتی کۆمەڵگا بەدەستەوە بگرێ. هەوڵدانیان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات کە لە بنچینە و ڕیشەی سەرهەڵدانی نیزامی پیاوسالاری و مڵکداریەتی تایبەتی بووە و هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم قۆناغە کە هێشتا ژنان سەربەخۆیی خۆیان لەدەست نەدابوو، بەرۆکی گرتن و لە بەرژەوەندی ئەم نیزامەدا بۆ ئەوەی کە بەربەرەکانێی دەسەڵات تەنیا لە نێو ڕەگەزی نێردا قەتیس بێتەوە و کارەکانی خۆیان ئاسانتر بکەنەوە. هەموو کاتێك خووی لەسەرەخۆ بوونی ژنان هەوڵی دۆزینەوەی ڕێکار و چارەسەرگەلێکی پوزەتیڤ بووە بۆ لەناوبردنی کێشەکان و بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ ڕووداوە جۆراوجۆرەکاندا و پیاو هەموو کاتێك بەشەڕ و کێشەنانەوە و دانانی بەربەست لەسەر ڕێگەی بەرامبەری، مەترسییەکی گەورە بووە بۆ پەرەدان بە دەسەڵاتخوازیی پیاوان و ئەگەریش ژنان لەو قۆناغەدا توانای بەرابەری و ئەکتیڤ بوونی خۆیان دەرخستبا، بە سانایی دەیانتوانی دەسەڵاتخوازی و ئاسایشی پیاوان تووشی ئاڵۆزی بکەن. ئەم ڕێکارە زیرەکانە دەتوانێ هەمان ئەو بابەتگەلە بێت کە بە ناهەقی لە پەیڤی پیاوانەدا بە نێوی مەکری ژنانە باسی لێوە دەکەیێ. بە پەراوێز خستنی ژنان لە بەدەستهێنانی ئاگایی و فێربوون، هەلی دەرکەوتنی بیرۆکەکانیشیان لێ سەندراوەتەوە و ئەم لەپەراوێزخستنە تا سەدەی بیستەمیش لە زۆربەی وڵاتاندا، دژ بە ژنان پێڕەو کراوە و شتێکی باو و ڕەوا بووە لە نێو کۆمەڵدا و تا بە ئەمڕۆکەش لە نێو بەشێك لە کۆمەڵگە گەورەکان و بە ڕواڵەت پێشکەوتووەکانیشدا (بۆ نموونە وڵاتێك وەك ئێران) بە شێوەیەکی بەربڵاو دەبینرێت. بەڵام ژنانیش لەو ساڵانەدا بێکار دانەنیشتوون و زیاتر لە سێ سەدەیە تێکۆشانی بەربڵاوی فیمینیزمییان دەست پێکردوە و توانای وەرگرتنەوەی مافی خوێندنیان بووە. ژنانی چینە جۆراوجۆرەکان، کە لە بوارگەلێکی جۆراوجۆرەوە وەك دانانی کلاسی ئاموزشی، بەدواداچوونی خواستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیان، فشارهێنان بۆ سەر نیزام و کولتوورە دواکەوتووەکان، و... بە قەبوولکردنی زۆر باجی گەورە توانیویانە نیزامی پیاوسالاری ناچار بە گەڕانەوە بکەن و مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان، بەتایبەتی مافی خوێندن بەدەست بێننەوە. بەڵام نیزامی پیاوسالار بە کەڵك وەرگرتن لە دەسەڵات و کولتوورە نەریتییەکان لە بوارگەلێکی دیکەوە کەوتەوە مەیدانی بەربەرەکانێ، تا هەوڵە فیمینیزمییەکان کە لە کۆمەڵگا جیاوازەکانەوە سەریان هەڵداوە بخەنەوە پەراوێز و گۆشەگیریان بکەنەوە. بەڵام بەخۆشییەوە ئەم هەوڵانە نەك نەبوونەتە کۆسپ، بەڵکوو هۆکاری چارەسەرین. هەرچەندە ئەمڕۆکە بە تێکۆشانی فیمینیستەکان پێڕەوگەلێکی کردەیی و نوسراوەیی کە ژنان لە خوێندن دوور دەخاتەوە لە بەین چووە، بەڵام هەنووکەش دەتوانین بڵێین کە ئەم هەڵاواردنانە لە نێو کۆمەڵگە جیاوازەکان و بە تایبەت کۆمەڵگا نەریتییەکاندا هەر ماوون و تەنیا جۆر و شێوازی هەڵاواردنەکە گۆڕدراوە و ڕواڵەتێکی دیکەی بەخۆوە گرتووە و لە قەوارەیەکی دیکەدا مانەوەی خۆی دەپێوێ و هەوڵ بۆ لەپەراوێزخستنی ژنان لە بەدەستهێنانی ئاگایی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و...، لە قەوارەگەلێکی نوێ و بەنێو پێشکەوتوودا، دەدا. ئەمڕۆکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و لە حاڵی پێشکەوتندا، بارهێنان و بەرزکردنەوەی پێگەی ژنان ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە، کە ئەمەش بەهەوڵ و تێکۆشانی ڕێکخراوە فیمینیستیەکان و ژنانی هەڵسوڕ و بەتوانایە، کە توانیویانە لایەنە دوگم و وشکەکانی نیزامی پیاوسالاری تێك بشکێنن. بەڵام ئەم پێگەیاندن و بارهێنانەش لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا لە فێرکردنێکی ئاکادیمیکیدا کورت کراوەتەوە و هەڵاواردنەکە گۆڕدراوە و بەم شێوەیە ژنان مافی خوێندنیان هەیە، بەڵام تەنیا لە ئاستی خوێندنی ئاکادیمیکی و بەس. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئەمڕۆکە خوێندنی تیۆری و ئاکادیمی وڵامدەری پێداویستیەکانی هەر تاکێك نیە. لە لایەکەوە هەنووکە کولتووری دژ بە ژن کە بە بیرۆکە خەیاڵییەکان و بەناهەق لە نیزامی پیاوسالاردا دەبیندرێت و لە قوڵایی ڕوانگەی کۆمەڵگا جوراوجۆرەکاندا ماوەتەوە و لە لایەکی دیکەوە دەستراگەیشتن بە ئاگایی تیۆریی و ئاکادیمیکی بۆ هەموان ئاسان بووە، کە ناکرێت وەك پوانێك کە پیاوان بە ژنانی دەدەن، بێتە ئەژمار. پیاوان و ژنان لە یەك ئاستدا توانای دەستراگەیشتنیان بە ئاگایی ئاکادیمی هەیە، بۆیە بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگاییش بە یەك ئەندازە دەچێتە سەرەوە و ڕوانینە بەرتەسکەکانی نیزامی پیاوسالاری لەبەین دەبا. دیارە بە بەرتەسك کردنەوە و چوارچێوەدانان بۆ ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵدا، دەتوانێ بایەخی خوێندنە ئاکادیمییەکانی ژنان بەرێتە ژێر پرسیار و کۆمەڵگا زیاتر بەرەو ئاڵۆزی بەرێت. ئەمڕۆکە بەدەستهێنانی ئاگایی و پێگەیاندن، گرینگی تایبەتی خۆی هەیە و ڕێکخراوە فیمینیستیەکان بە بەدەستهێنانی تەنیا مافی خوێندن، نیزامی پیاوسالاری بەتەواوی بنبڕ ناکەن و ئەم نیزامە بە پانتایی تێکۆشانە فیمینیستیەکان بۆ بەدەستهێنانی مافی خوێندن بۆ ژنان، ئەم مەیدانەی چۆڵ کردووە و بەربەرەکانێکەیان لە لایەکی دیکەوە دەست پێکردووە و نابێ ئەوە لە بیر بکرێت کە ئەم نیزامە بە درێژایی سەدەکانی پێشوو دەستی داوەتە هەر فرت و فێڵێك تاکوو بتوانێ دەسەڵات و بەرژەوەندیی خۆی بپارێزێت. ئەمڕۆکە نیزامی پیاوسالار لە هەوڵی ئەوەدایە تا بە پەراوێزخستن و لە ژێر گوشاردانانی ژنان لە کۆمەڵگادا، دیسانەوە بیانگێڕێتەوە چوارچێوەی ماڵداریەتی و ئیمکانی بەدەستهێنانی ئاگایی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لێ زەوت بکات. بە کورتی ئاگایی ئاکادیمیکی ژنان بێ کەڵك بکات. ئەم پێشهاتەش بەشێك لە ژنانی خوێندەوار کە ساڵانێکە خوێندنی ئاکادیمیکی تەواو دەکەن و پسپۆڕی بەدەست دێنن، بە هۆی بوونی ئاڵۆزی و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و لۆمە کردنی کۆمەڵگای پیاوانە، ماڵداریەتیان لە لەنێو کۆمەڵدا بوون، پێ باشتر بووە. هەڵبەت بە بوونی ئەم بەربەستانەش بەتەواوەتی نیزامی پیاوسالاری نەیتوانیوە لەو کردەیەی خۆی سەرکەوتن بەدەست بێنێ. لە درێژەی تێکۆشانە بەربڵاوە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان و لەمەیدان بوونی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە ئەکتیڤەکانی بزاڤی ژنان کە هەوڵیان بارهێنان و پێگەیاندن و بردنەسەری ئاگایی ڕەگەزی ژنان و بەدەستهێنانەوەی مافی ژنان و... بووە، هۆکارێکن بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆکە ژنان بە هێزێکی زیاترەوە بتوانن بەربەرەکانێ لەگەڵ نیزامی پیاوسالار بکەن و مەیدان لە بەرژەوەندیی ئەو نیزامە چۆڵ نەکەن. ئامادەیی و بەهێزیی پسپۆڕانی ژن لە بوارە جیاوازەکان، ڕۆژنامەنوسان و مامۆستایانی ژن، تێکۆشان لە بزاڤە فیمینیستیەکان و...، کۆسپێکی بەهێزی پێشگیری لەبەرەوپێشچوونی دووبارەی نیزامی پیاوسالارین. هەر بەو شێوەیەی کە باسمان کرد نیزامی پیاوسالار لە هەوڵی ئەوەدایە تا بە پەراوێزخستن و لەژێر فشاردانانی ژنان لە کۆمەڵگا و بنەماڵەدا، ئیمکانی بەدەستهێنانی ئاگایی کردەیی و تاقیکاری لە ژنان وەربگرێتەوە و بەجۆرێك لە جۆرەکان هەوڵدانی ئاکادیمی و زانستی ژنان بخاتە ژێرپرسیارەوە. یەکێك لە پرسیارەکان کە لەم ڕاستایەدا دێنە پێشەوە ئەوەیە، کە ئایا نیزامی پیاوسالار بە چ شێوەیەك لەم کارەدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ؟ نیزامی پیاوسالار بە هەڵگەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ قەبارە هەڕەشەکەرەکەی و لەپەراوێزخستنی ژنان و دروستکردنی نائەمنی لەسەر ڕێگەی پێشڤەچوونی ژنانو کچان، ئەم بیرۆکەیەی گەشە پێداوە کە ژنان بۆ پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایشی خۆیان باشترە لەپەراوێزخراو و لە ماڵەوە بن، تاکوو لەو ڕێگەیەوە دووبارە هەلێکی دیکە لەژنان وەربگرنەوە، لە هەمبەر بەدەست هێنانی ئاگایی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بۆ سەروەری نیزامی پیاوسالاری. ئەگەر بە وردی چاو لێبکەین دەبینین کە کۆمەڵگای نائەمن هەروەك چۆن بۆ ژنان ترسناکە بۆ پیاوانیش ترسناك دەبێ و ئەگەر تەنیا هێزی جەستەیی و فیزیۆلۆژیی پیاوانە، کە پیاوان لە ترس دوور دەخاتەوە، ئەوا ژنانیش دەتوانن ئەو هێزە بەدەست بێنن، کە بە کردەوەش ئەم بابەتە دەرکەوتووە. ئەمڕۆکە بیرۆکەی لاوازبینینی ژن، بە ڕوانگەیەکی کۆن و دواکەوتوو دێتە ئەژمار و زانستە سروشتییەکانیش دەریانخستوە کە توانایە فیزیۆلۆژییەکان بە هیچ جۆرێك ناتوانن هۆکارێك بن بۆ بەهێزی یا لاوازی ژنان لە چاو پیاوان. ئەم هۆکارگەلە نیزامی پیاوسالاریان ناچار بە خستنە ڕووی پیلانگەلێکی نوێ بۆ لەپەراوێز خستنی ژنان کردووە و یەکێك لەم پیلانانە دروستکردنی کەشی نائەمنی بۆ ژنان و دانانی ڕۆڵی پاسەوان بۆ پیاوانە و گەورەترین هەڵگری ئەم بیرۆکەیەش کۆمەڵگا و بنەماڵەی نەریتین. بەو ئەندازەیەی کە پیاوان توانای بەرگریکردن لە خۆیان هەیە، ژنانیش ئەو توانایەیان هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە درووستبوونی ڕێکخراوە فیمینیستیەکان بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم نائەمنییە ئامانجدارەش، دەتوانێ کۆمەکێکی گەورە بێت بۆ داماڵینی نیزامی پیاوسالاری. لە قۆناغی ئێستادا زیاد ەوەی بەدەستهێنانی ئاگایی ئاکادیمی بۆ مرۆڤەکان پێویستە، بەدەستهێنانی ئاگایی کۆمەڵایەتی و قەوارەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و دەوروبەری ژیان پێویستیەکی زیاتری بەرەوپێشچوونە. لە حاڵێکدا نیزامی پیاوسالار لە لەپەراوێز خستنی ژنان سەرکەوتن بەدەست بێنێ، دەرفەتی مەترسیهێنەر لە بەرەوپێشچوونی ژیان، هەم بۆ ژن و هەم بۆ پیاو، دێتە پێشەوە و دەبێ لەبیرمان نەچێ کە کۆمەڵگای نابەرانبەر و تووش بوو بە پەراوێز نشینی، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە و پێویستی بە چارەسەری بنەڕەتییە.

**سەرچاوە: ئینتێرنێت، "تریبون فمینیستی ایران"**




> کۆمەڵگای نائەمن هەروەك چۆن بۆ ژنان ترسناکە بۆ پیاوانیش ترسناك دەبێ و ئەگەر تەنیا هێزی جەستەیی و فیزیۆلۆژیی پیاوانە، کە پیاوان لە ترس دوور دەخاتەوە، ئەوا ژنانیش دەتوانن ئەو هێزە بەدەست بێنن، کە بە کردەوەش ئەم بابەتە دەرکەوتووە.

# خورافە، ڕێگاخۆشکەرێک بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵگا

سارا پارسا

منداڵەکەت ترساوە؟ جلەکەی بەری لەبەر چاوی خۆی بسووتێنە! نینۆکت ڕۆژی شەممە و لە کاتی شەواندا کورت مەکەوە تەمەنت کورت دەبێت! منداڵە ساواکەت لەسەر تاق دامەنێ شوومە و باش نییە! شەوان چاو لە ئاوێنە مەکە، تەمەنت لە غەریبی دەبەیتە سەر! شەوان بنێشت مەجاوە، شوومە و باش نییە! و....هتد. ئەمانە وەک نموونەیەک لەو باوەڕە پڕوپووچانەیە کە ڕۆژانە لە زاری زۆربەی خەڵکەوە دەبیسرێت. ئەم جۆرە باوەڕانە ئەوەندە لە تانوپۆی ژیانی زۆربەی خەڵکدا ڕیشەی داکوتاوە کە جێگایەکی تایبەتی لە بیری خەڵکدا بۆخۆی کردووتەوە کە تا ڕادەیەکیش دەتوانین وا باسی لێ بکەین کە سڕینەوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لە مێشک و کاریگەرییەکانی لە ژیانی خەڵکدا بە تەواوی ئەستم بووە، بەڵام لە ڕاستیدا خورافە چییە؟ خورافە لە فەرهەنگ و زاراوەناسیدا واتە قسەی ئاڵۆز و بێبنەما کە دەتوانێت دڵخۆشکەر بێت و بە ئاوڕدانەوەیەک دەتوانین وا باس بکەین کە بەگشتی قسەی پڕوپووچ و خورافە لە نێوەڕۆکی چیرۆکە کۆنەکاندا سەری هەڵداوە و ئێستاش لە سەردەمی زانست و تێکنۆلۆژیدا هێشتا خەڵکانێک هەن کە باوەڕیان بەم جۆرە قسانە هەیە. خورافە کاتێک سەر هەڵدەدات کە خەڵک، لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بەرەوڕوو بوون و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە دەروونیاندا لەگەڵ گرفت بەرەوڕوو بوونەتەوە و لە ڕوانگەی ئاوەزمەندییەوە نەیانتوانیوە ڕێگاچارەیەکی لۆژیکیی بۆ ببینەوە و بۆ سەرپۆش دانان لەسەر کێشەکانیان و هاوکات دڵخۆشکردنی خۆیان و هێورکردنەوەی دەروونیان ڕوویان لە کۆمەڵێک باس و بیری سەیر و سەمەرە کردووە و ئەم بیروباوەڕە سەیر و بێبنەمایانەش کاتێک کە بەدی نەیەت، وەک بەختی بەستراوی خۆیان چاوی لێ دەکەن و کاتێکیش کە گرفتەکەیان چارەسەر دەبێت، چارەسەری گرفتەکەیان لە پەنا بردن بەو باوەڕانەدا دەبیننەوە کە ئەم جۆرە ڕوانگەیە بۆ کۆمەڵگا بە تایبەت کۆمەڵگایەکی نەریتخواز دەتوانێت مەترسیدار بێت. "مستەفا فرووتەن"، کارناسی دەروونناسی سەبارەت بەم بابەتە بڕوای وایە کە؛ "لە سێ وشەدا دەتوانین خورافە بە گشتی باس بکەین: یەکەم سەرسووڕمان، دووهەم نەزانین و دەبەنگی، سێهەم ترس، کە ئەم سێ هۆکارە دەتوانێت بناغەداڕێژی خورافە و قسەی پڕوپووچ لە نێوان خەڵک و کۆمەڵگادا بێت". لە بواری دەروونناسییەوە، قسەی پڕوپووچ و پەنابردن بۆ خورافە لە بنچینەوە بە ناسینی مرۆڤ لە خۆیەوە دەستی پێ کردووە و هەموو هەوڵی مرۆڤ ئەوە بووە کە لەپێشەوە لە داهاتووی ئاگادار بێت و لەسەرهەڵدانی هەر چەشنە ڕووداوی ناخۆش کە دەتوانێت لەسەر ژیانی مرۆڤ کاریگەریی هەبێت پێشگیری بکات. ئەم جۆرە ڕوانگانەش توانیویەتی ببێتە هۆی سەرهەڵدانی خورافە و قسەی پڕوپووچ و بناغەداڕێژی خورافە لە نێوان کۆمەڵگای وڵاتانی دنیادا. چوونکە ئەم دیاردەیە تاڕادەیەک لە هەموو کولتوور و کۆمەڵگاکانی جیهاندا جێگای خۆی بە تەواوی کردووەتەوە. لە ڕوانگەی زانستی دەروونناسییەوە، ژنان زیاتر لە پیاوان ڕوو لە باوەڕی پڕوپووچ دەکەن و هۆکاری دەروونناسیی ئەم بوارەش بۆ هەستیار بوونی باری دەروونیی ژنان بەرانبەر بە پیاوان، هەڵدەگەڕێتەوە. ژنان زیاتر لە پیاوان بەر شەپۆلی دڵەخورپە و دڵەڕاوکێی دەروونی دەکەون و هەر ئەم هۆکارەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆ هێور کردنەوەی باری دەروونیان و ئۆمیدی زیاتر بەخشین بە خۆیان، ڕوو لەم جۆرە باوەڕانە بکەن و لەم نێوانەشدا بەداخەوە زۆربەی هەرەزۆریان بەر کەڵکئاژووی ماڵیی کەسانێک دەکەون کە لە بواری خورافەگەری بە ناوی "فاڵگر" چالاکییان هەیە و فاڵگرەکانیش بۆ پڕکردنی گیرفانی خۆیان زۆر بە باشی کەڵک لەو دەرفەتانە وەردەگرن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنانەت بناغەی بنەماڵەکانیش لەیەک دەترازێنن. لە بواری کۆمەڵناسیشەوە، کارناسانی کۆمەڵناسی لەسەر ئەم باوەڕەن کە هۆکارگەلێک وەک:

* دەرباز بوون لەو بارودۆخە خراپەی کە مرۆڤ تێیدا بەسەر دەبات.
* بارودۆخی خراپی ئابووری.
* سیاسەتی سیاسەتوانان و کاربەدەستان بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک بە کولتووری پڕوپووچی.
* بێهیوایی لە ژیان.
* باشقە وەرگرتن لە ماڵپەڕەکان.
* پەروەردەی لاوازی بنەماڵە.
* هێورکردنەوەی کێشەکان و بارودۆخێک کە مرۆڤ تێیدا بەسەر دەبات.
* نزم بوونی ئاستی زانیاری (ئەگەرچی زۆربەی جار ئەم جۆرە باوەڕانە لە نێوان چینی خوێندەواری کۆمەڵگاشدا بەرچاو دەکەوێت و هۆکاریشی بۆ کەم تێگەیشتن لە کێشەکان هەڵدەگەڕێتەوە).

لە بواری کۆمەڵناسییەوە، ئەم هۆکارانە دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕوو لە خورافە بکات و لە کۆتایشدا کۆمەڵگایەک دەبێتە کۆیلەی دەستی باوەڕە بێبنەماکان. لە کۆمەڵگای ئێرانیشدا بە هۆی باوەڕی نەریتخوازانە و ئایینییەوە زۆر بە ڕاشکاوانە ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت و لەم نێوانەشدا ڕێژیمی داگیرکەری ئێران و ئاخوندە فێڵبازەکانی سەر بەو ڕێژیمە، بۆ پەرەپێدان بەسیاسەتی زۆردارانەیان و سەرقاڵ کردنی خەڵک بە هەندێ کولتووری پڕوپووچ، مێشک و دەروونی خەڵکیان داگیر کردووە و لە هەستی ئایینیی مرۆڤەکان هەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارییانەوە کەڵکیان وەرگرتووە. ئاخوندەکان هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریان، لە باوەڕی مەزهەبیی خەڵکی ئێران وەک پاژنەی ئاشیل کەڵکیان وەرگرتووە و لە ماوەی ٤ دەیەدا لە هیچ شێوازێک بۆ پەرەپێدان بە کولتووری خورافە کۆتاییان نەکردووە. هەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارییانەوە، دامەزرێنەری ڕێژیمی ئێران واتە "خومەینی"یان وەک جێگری خودا تەنانەت لە ئاستی خوداشدا بە خەڵکی ئێران ناساند و بە بڵاوکردنەوەی دەنگۆگەلێک وەک "ڕوخساری خومەینی لە مانگدا دیتراوە" و "ئاوی دەستنوێژی خومەینی تەبەڕوک و بەرەکەتە" و "دەستماڵ و چەفیەیان بە دەستی خۆمەینیەوە دەدا تاکوو تەبەڕوکی بکات، لە هەستی خەڵک کەڵکئاژوویان وەرگرت، بەشی سەرەنج ڕاکێشی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە بەداخەوە مامۆستاکانی زانکۆی ئەو سەردەمەش بەم باوەڕە گەیشتبوون و زۆربەیان لە پەرەپێدان بەم باوەڕانەدا دەستی یارمەتیان بە ڕێژیم دا. لەم نێوانەشدا ئەگەر خەڵکانێک بەم باوەڕانە ملیان نەدابایە و یارمەتیدەریان نەبوایەتن یان بە ناچار پەرتەوازەی دەرەوەی وڵات دەبوون یان سەریان لە زیندان و ئەشکەنجەگاکانی ڕێژیمی ئێران دەردەهێنا و دەنگیشیان بە کەس نەدەگەیشت. ئاخوندەکان بەباشی لە دەروونی خەڵکی ئێران گەیشتبوون و گەیشتوون کە زۆرێک لە خەڵکی ئێران باوەڕێکی زۆریان بە زیارەتی نەوە و نەتیجەی ئیمامان هەیە، کە وایە چی باشتر لەوە کە دەست بکەن بە درووست کردنی مەزارگە لە بست بە بستی شار و گوندەکانی ئێران و خەڵکی پێ سەرقاڵ بکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕاست و درووست بوونی ناسنامەی زۆربەی ئەو مەزارگەیانە ئەگەری لەسەرە، ئەگەرچی ئەو شوێنانە بە گشتی بوونەتە شوێنێکی بازرگانی بۆ دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و لە ڕێگەی یارمەتی ماڵیی کە خەڵک بۆ ئەو شوێنە یان خەڵکی هەژاری کۆ دەکەنەوە، یان بەپێی باوەڕیان پارە و شتومەکی نەزری پێشکەشی ئیمامزادەکان دەکەن، یان گەشتیارانێک کە لە وڵاتانی دەرەوە ڕوو لە ئێران دەکەن بۆ زیارەتی ئەو شوێنە مەزهەبیانە، گیرفانی قووڵی ئاغازادەکان و ئاخوندەکانی لێ پڕ دەبێت. لەشەڕی ئێران و عێراقیشدا، ٨ساڵ بەم شێوەیە لە هەستی لاوانی ئێران کەڵکیان وەرگرت و بۆ بەرز ڕاگرتنی وەرەی شەڕوانان و سەربازانی نێو بەرەکانی شەر ئەسپی سپییان لە گۆڕەپانی شەردا تاو دا و دەنگۆی ئەوەیان بڵاودەکردەوە کە ئەوە ئەسپی ئیمامی زەمانە و بۆ یارمەتیدانی ئێوە هاتووە، یان کلیلی بەهەشتیان دەکردە ملی سەربازەکانی بەرەکانی شەڕ، لەسەر ئەو باوەڕە کە هەرکات کەوتنە دەستی دوژمن، ئەو کلیلە لەبەر چاوی دوژمن بزرتان دەکات و... هەزاران باوەڕی پڕوپووچی مەزهەبیی دیکە کە ڕێژیمی داگیرکەری ئێران ٤ دەیە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی، وەک ئامرازێکی هەستیار کەڵکی لێ وەرگرت. لە کۆتاییدا بەم ئاکامە دەگەین کە خەڵکی کۆمەڵگایەک کە بیریان تەسک بێت و لە جێگەی زانستی پێشکەوتوو، باوەڕی بێبنەما و پڕوپووچ دەسەڵاتی هەیە، سیاسەتداڕێژانی ئەو وڵاتانەش زۆر بە ئاسانی کەڵک لەو باوەڕانە لەپێناو زۆرداریی خۆیان وەردەگرن و بە تایبەت ئەگەر لە بواری ئایین و مەزهەبدا بێت، هەر وەک کە لە مێژوودا بینراوە، چ لە ڕۆژئاوا چ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەت لە وڵاتی ئێران، ئایین وەک ئامرازێک بەردەوام بۆ ختیلکەدانی هەستی خەڵک لە لایەن دەسەڵاتدارانییەوە بۆ پەرەپێدان بە زۆردارییان لەژێر ناوی دیندا کەڵکی لێ وەرگیراوە و مێشکی خەڵکی کۆمەڵگایان زۆر بە ئاسانی بەدیل گرتووە. بەداخەوە کۆمەڵگای کوردستانیش لە ئێران لەم زوڵمە بێبەش نەکراوە. لەدوای ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بە ئیسلام ئیمانیان هێنا، باوەڕمەندییان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێراندا هەبووە. بۆ نموونە ژنانی کورد سەرەڕای بەجێهێنانی نوێژ و عیبادەتیان هیچکات وەک ژنانی شوێنی دیکە کولتووری داپۆشینی ڕوخساریان نەبووە یان سەرپۆشی تەواویان نەبووە، چارشێو لە نێو ژنانی کورددا باو نەبووە، پێ بەپێی پیاوانیان تەنانەت لە کۆمەڵگای سەردەمی کۆنیشدا بەشدارییان لە کار و چالاکییەکاندا کردووە و هیچ کاتیش بەهۆی ئەوەی کە ژن بوون، یان کۆمەڵگای کوردستان ئایینی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، لە گۆڕەپانی مرۆڤایەتی وەلا نەنراون و بە گشتی خەڵکی کورد زۆر بە ئازادی و فکرییەتێکی کراوەی مەزهەبییەوە لەگەڵ یەک ژیاون. بەڵام لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان، کۆمەڵگای کوردستان کەوتووەتە بەر هێرشی بیری تەسکی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمەوە و کولتوورگەلێک کە لە نێوان خەڵکی کوردا باو نەبووە، بە هۆی سیاسەتی ڕێژیمی ئێران لە کوردستان، بەداخەوە پەرەی پێ دراوە. هەموو هەوڵی ڕێژیمی ئێران ئەوە بووە کە ئەو باوەڕانە کە لە پێناو باوەڕی سیاسی خۆیدایە بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا بسەپێنێت و ئێستاش بەداخەوە شایەتی ئەو بارودۆخە لە شارەکانی کوردستانیشدا تا ڕادەیەک هەین، کە بەشێک لە مامۆستا ئایینییەکانی سەر بە ڕێژیم لە شارەکانی کوردستان و گوندەکانیش بۆ پەرەپێدان بەو خورافەگەلە کە سەرچاوەکەی فکرییەتی دەسەڵاتدارانی ناوەندیی ئێرانە لەهیچ چالاکییەک درێغی ناکەن و لە مزگەوتەکان لە ڕۆژانی هەینیدا مێشکی خەڵک بەو باوەڕە بێبنەمایانە پڕ دەکەنەوە، مامۆستا ئایینیگەلێک کە بەناو و بە زاراوە کوردن و لە عەقلییەت و دەروونیاندا جیاوازییەکیان لەگەڵ ئاخوندەکانی ڕێژیم نییە و بۆ پڕ کردنی گیرفانیان، دەستی خیانەتیان داوەتە دەستی ئاخوندەکان و ئەوەش جێگای داخی هەیە.





# زانکۆ، یەکلاکەرەوەی ڕەوتی سیاسی لە کرماشان

**شەهرام میرزایی**

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی بزاڤی میللی-دێموکراتیکی کورد لە کوردستان بدەینەوە دەبینین کە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی "ژ.ک"ەوە هەتا دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چەندین کومیتەی تەشکیلاتی لە ناوچەکانی کرماشان، خانەقین، ئیلام، لوڕستان و تەنانەت بەغداد بۆ ڕێکخستنی چالاکی و ڕاکێشانی بژاردەکان دادەمەزرێت، کە بە شاهێدیی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی وڵاتەکەمان، ئەو کومیتانە بە تایبەت کومیتەی کرماشان، خانەقین و کوردە فەیلیەکانی بەغداد یەکێک لە چالاکترین کومیتەکانی کۆمەڵەی ژ.ک بووە، بەڵام بە داخەوە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئەو کۆمیتانە و ئەو کەسایەتییە چالاکانە بە تەواوەتی دەخرێنە پەراوێزی سیاسییەوە. ئەم کردەوە ناسیاسییە وەها زەربەیەک لە بزاڤی میللی-دێموکراتیکی کورد ئەدات کە ئێستایشی لەگەڵ بێت نەمانتوانیوە قەرەبووی تێچوەکانی بکەینەوە. مەودای دامەزراندنی کۆمار هەتا سکرتێریی قاسملووی مەزن ٢٥ ساڵ دەخایەنێت هەتا دووبارە بتوانین قەبارەی فیکری-پێکهاتەیی حیزبەکەمان جۆرێک دابمەزرێنین کە لە شێوازی ڕێکخراوێکی ناوچەییەوە ببێتە حیزبێکی مۆدێرن و ئاوانگارد، کە هەموو کوردێک لە هەر ناوچەیەک لە کوردستان خۆی لەوێدا ببینێتەوە، کردەوەیەک کە تەنیا بەرهەمی بیری قاسملوو بووە و ئەنجامی ئەو بیرۆکەیە دەبێتە بەشداریی چالاکانەی خەلکی سنە و کرماشان و ئیلام لە بزاڤی میللی- دێموکراتیکی کوردستان و پەیوەست بوونی ئەو ناوچەیە بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

زانکۆ، کرماشان و گەشەی ناسیۆنالیسمی کوردی

مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی کرماشان ئەوە دەسەلمێنێ کە بە هۆی سەقامگیر بوونی کولتووری شارنشینی لەم بەشەی کوردستاندا هەمیشە ئێلێمانگەلی شارنشینی دیاریکەر و یەکلاکەرەوەی ڕەوتی سیاسی- کۆمەڵایەتی ئەو شارە بووە و هەیە، بۆیە ئەگەر هەر حیزب و لایەنێکی سیاسی بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەم بنەما بیهەوێ لە کرماشان خۆی جێگیر بکات، بێجگە لە شکست و تێچوو، هیچ شتێکی دیکەی دەست ناکەوێ.

زانکۆ و بوونی چینی خوێندەوار دوو بەشی دانەبڕاوەی شارن کە لە کرماشان و بە درێژایی ئاڵوگۆڕە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکان ئەکتەر و شوێندانەری سەرەکی و یەکەمی نێو شار بوونە. لە دامەزراندنی کومیتەی کرماشانی کۆمەڵەی ژ.ک و دواتر بەشدار بوونی لە کۆماری کوردستاندا، ڕووداوەکانی میللی کردنی نەوت و پەرەسەندنی بیری میللی- مەزهەبی لەو سەردەمە لە کرماشاندا، گەشە سەندنی ڕەوتی چەپ لە کرماشان لە ساڵەکانی ٤٠ بەرەوئەولا، ڕووداوەکانی ساڵانی ٥٥-٥٧، ڕووداوەکانی سەردەمی چاکسازی و هەروەها گەشە سەندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی بیری نەتەوەیی و گەشە سەندنی بزاڤی سیاسی-ئەدەبی لە چوارچێوەی بزافی میللی- دێموکراتیکی کوردستان لە دەیەی ٧٠ و ٨٠دا، شوێندەستی خوێندکار و زانکۆی پێوە دیارە، بۆیە لە هەر بڕگەیەکی مێژووی هاوچەرخی کرماشاندا، زانکۆ لە هەر کوێ ڕاوەستابێت کۆمەڵگای کرماشانیش لەو بەرەدا ڕاوەستاوە. ئەگەر بڕوانینە ئاڵوگۆڕە سیاسی- کۆمەڵایەتی-ئەدەبییەکانی دەیەی ٧٠ بەملاوە، بە ڕوونی دەبینین کە پەرەسەندن و گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی لە کرماشان بە دەستی زانکۆ و توێژی خوێندکار بووە و هەیە.

زانکۆ، کرماشان و داهاتووی حیزبی

بە بێ ناسینی سایکۆلۆژیای سیاسی-کۆمەڵایەتیی هەر کۆمەڵگایەک نە دەتوانین پلان و بەرنامەمان بۆی هەبێ، نە هیچ پلانێکی داڕێژراویش لەوێ سەردەکەوێ، ئەمە ئەسلێکی موتلەقە. ئێمەیش دەبێ ئەو ئەسلە بۆ بەڕێوە بردنی چالاکییەکانمان و گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراومان لەبەرچاو بگرین و ڕەچاوی بکەین.

دروستە کە کرماشان بەشێکە لە کۆمەڵگای کوردی، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە سایکۆلۆژیای سیاسی-کۆمەڵایەتیی هەموو بەشەکانی کوردستان بە یەک شێوە و یەک جۆرن. کە وابوو، بەرنامەی تەشکیلاتی-سیاسیی ئێمە بۆ کرماشان دەبێ بەپێی ناسینی کامل و دروستی ئێمە لەو پارێزگا بێ. بەپێی شرۆڤەیەک کە لە سەرەوە کرا، زانکۆ وەکوو یەکلاکەرەوەی ڕەوتی سیاسی لە کرماشان دیاری کراوە. بۆیە نووسەری ئەم بابەتە بە تەواوەتی لەو باوەڕەدایە کە ڕەوتی سیاسی-فەرهەنگیی کرماشان بەدەست ئەو حیزب یان لایەنەوەیە کە توانیویەتی دەست لەسەر زانکۆی کرماشان دبنێت، یا بە واتای دیکە هەر حیزب و لایەنێک کە زانکۆی کرماشان بە دەستیەوە بێت ئەوە ڕەوتی سەرەکیی شاری کرماشانە.

بۆیە ئەگەر دەمانهەوێ وەکوو ڕێکخستنی سیاسی لە کرماشاندا ڕەوتی سیاسی ببەینە پێش، دەبێ زانکۆمان لە پێش چاو بێ. ئێمە لە کرماشان کێشەی کوردایەتیمان نییە، چوونکە ئەو شارە چ لە بواری حەشیمەت و چە لە بواری عەقڵانیەتدا لە بازنەی کورد و کوردایەتیدایە، بۆیە ئێمە لەوێ کێشەی سەلماندنی خۆمان وەکوو ڕێکخراوی سیاسییمان هەیە. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات لە بەراوردی تەمەنی شۆڕش و خەباتەکەیدا ئەو جێگە و پێگەیە کە دەبێ لە کرماشان هەیبێ، لەو ئاستە پێویستەدا نییە. ئەمە ڕاستییەکی تاڵە کە هەتا قبوولی نەکەین ناتوانین چارەسەری بکەین. تەشکیلات و ڕاگەیاندن وەکوو دوو باڵی سەرەکی و کاریگەری ئێمە دەتوانن زۆرترین ڕۆڵیان لە زانکۆی کرماشاندا هەبێ. بێشک تەرخان کردنی زۆرترین وزەمان لە نێو زانکۆدا و گۆڕینی ئاراستەی تەشکیلاتیی ئەوێ بەرەو خۆمان، ئاکامێک بێجگە سەرکەوتنی تەواو و بوون بە هێزی سەرەکی و یەکەمی ئەو شارە نیە.

ڕێکخستنی زانکۆ، پەیوەندیدانی گرووپە خوێندکارییەکان بە زانکۆکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەت ئەو شارانەی کە لە نێو بزاڤی میللی- دێموکراتیکی گەلەکەماندا ڕۆلی بەرچاویان هەیە، و دانی خۆراکی فیکری بە خوێندکار کۆمەڵێک چالاکین کە دەتوانین کاریان لەسەر بکەین، تا بتوانین هەنگاو بە هەنگاو ئەتمۆسفێری زانکۆ ڕێبەری بکەین.

## هەڵمەتی پشتیوانی لە زمانی دایکی لە شاری ڕوانسەر بەڕێوەچوو

ڕۆژی هەینی ١٣ی ڕەشەممە، ژمارەیەک لە هاووڵاتییانی شاری ڕوانسەر بە مەبەستی خوێندنی زمانی دایکی لە قوتابخانەکانی ئەو شارە دەستیان بە کۆکردنەوەی واژۆ و پشتیوانی لە خوێندن بە زمانی دایکی لە قوتابخانەکان کرد.

کەمپینی پشتیوانی کردن لە خوێندن بە زمانی دایکی و هەڵمەتی کۆکردنەوەی واژۆ بۆ وانە وتنەوە بە زمانی زگماکی لە قوتابخانەکانی شاری ڕوانسەر لە لایەن خەڵکی ئەو شارەوە بەڕێوەچوو، کە لەگەڵ پێشوازیی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی شاری ڕوانسەر بەرەوڕوو بوویەوە.

پاش ٣٨ ساڵ لە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران، هەتا ئێستا بێجگە لە زمانی فارسی، تەنانەت لە باخچەی ساوایانیش، ئیزنی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستان بە قوتابیان نەدراوە.

لە نیزامی پەروەردە و بارهێنانی ئێراندا سەرەڕای بوونی جیاوازیی نەتەوەیی، نەتەوە غەیری فارسەکان نەتەنیا کەوتوونەتە پەراوێزەوە، بەڵکوو ناچار دەکرێن واز لە زمانی خۆیان بهێنن و بە زمانێکی دیکە کە زمانی نەتەوەی باڵادەستە بخوێنن.

## گەندەڵیی میلیاردی لە کرماشان "بێ گەڕانەوە" ڕاگەیەندرا

پارەدانانی هاووڵاتییان لە نووسینگەی گڵێم و گەبەی کرماشان لە لایەن داواکاری گشتییەوە، بێ گەڕانەوە ڕاگەیەندرا.

ئەو بەرپرسە قەزاییە لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا داوای لە سەرمایەدانەران کرد کە "فریوخواردن و زیان لێکەوتنیان پەسند بکەن".

بە وتەی محەممەدحسەین سادقی؛ زۆرێک لە داراییەکانی تۆمەتبار بە گەندەڵی، لە شوێنە جیاجیاکانی وڵات پەرتەوازەیە و تەنانەت دەلوێ کە گەڕاندنەوەیشیان بێبایەخ بێ."

کەسی تۆمەتبار بە ناسنامەی محەممەدڕەزا موشیری، ساڵی ٩١ی هەتاوی بە مۆڵەتی فەرمیی ئیدارەی پیشەسازی و کانگاکانی کرماشان دەستی بە چالاکی لەبواری بەرهەمهێنانی فەرش و گڵێمدا کردووە.

بەپێی قسەی بەرپرسانی حکوومەتی، قەرزی ١٦٨ میلیارد تمەن لەلایەن بەڕێوەبەری ئەو یەکە بەرهەمهێنەرە "حەپەلووش" کراوە.

داواکاری کرماشان دانی بەوەدا نا کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا "هیچ کەس و لایەنێک" بەسەر چالاکیی نووسینگەی ناوبراودا چاوەدیریی نەکردووە.

لە دۆسیەی گەندەڵیی میلیاردیی نووسینگەی گڵێم و گەبەی کرماشان، یازدە هەزار و ٣٦٣ کەس وەکوو "ماڵ دۆڕاو" لە دادگا سکاڵایان تۆمار کردووە.

## تەقینەوەی مین لە ئیلام کوژراو و برینداری لێکەوتەوە

ڕۆژی شەممە ٣٠ ڕێبەندان، دوو هاووڵاتیی کورد خەڵکی شاری ئەیوان، لە کاتی کار کردن لە نێو مەزرا و مووچەدا بە هۆی تەقینەوەی مینێکەوە کوژراو و بریندار بوون.

هەواڵدەریی ئیرنا لە زاری فەرماندەی ئینتزامیی شاری ئەیوان بڵاوی کردەوە کە؛ ئەو ڕووداوە لە ناوچەی "ڕەوان"ی شاری ئەیوان ڕوویداوە.

بەپێی وتەی ئەو سەرچاوەیە، یەکێک لەو دوو جوتیارە کوردە لە کاتی تەقینەوەی مینەکەدا بە هۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا و هەروەها هاووڵاتییەکی دیکەش لەو ڕووداوەدا بریندار بووە.

هەواڵدەرییەکان شوناسی ئەو دوو جوتیارەیان بڵاو نەکردووەتەوە.

پێشتریش بە هۆی ڕووداوی تەقینەوەی مین جووتیارێکی کورد لە شاری قەسری شیرین لە کاتێکدا خەریکی کشت و کاڵ بوو لە نێو مووچە و مەزراکەیدا بە توندی بریندار بوو.

ئێران بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جیهان بە دووهەمین وڵاتی ئالوودە بە مینە چێنراوەکان دێتە ئەژمار و بەپێی توێژینەوەیەک کە ئەنجام دراوە، بە شێوەی نێونجی، ڕۆژانە سێ کەس لە ئێران بەهۆی تەقینەوەی مین و کەرەستە جەنگییە بەجێماوەکان لە شەڕی ئێران و عێراق، دەبنە قوربانی.

# ئەرکی تاکی کورد لە دژی خیانەت و جاشایەتی

عەلی مۆنەزەمی

خیانەت مێژوویەکی بە بڵندایی مێژووی مرۆڤایەتی هەیە. لە مێژووی شۆڕشەکانی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاریش خیانەت پەیڤێکی نامۆ نیە. هەر لە شۆڕشی ئەمیر خانی لەپ زێڕینەوە بگرە کە تێیدا ئەحمەدی لێتانی بە ئاشکرا کردنی سەرچاوەی ئاوی قەڵای دم دم بوو بە هۆی تێکشکانی شۆڕشی دم دم، تا دەگاتە خەباتی پارتە سیاسییەکانی ئەمڕۆی کورد کە بۆ ئازادی و ڕزگاری تێدەکۆشن و ڕۆژانە شاهێدی پیلان و خیانەتی سەدانی وەک ئەحمەدی لێتانین، هەر جارە و بە ڕەنگێک گەلی کورد مانای ئەم پەیڤە قیزەونەی تەجروبە کردووە و دەیکا. ئامانجی ئەم وتارە نووسینی مێژووی خیانەت نیە، هەر چەند کە هیچ پەیڤێک بێ مێژوو نییە. هەر وەک چۆن لە سەردێڕی وتارەکەدا دیاری کراوە، لێرەدا باسی ئەرکی تاکی کورد دەکەین لە دژی دیاردەی خیانەت و جاشایەتی. کە باسی ئەرک دێتە گۆڕێ، پێویستە بوترێ کە؛ ئەرک نرخێکی ئەخلاقی- یاساییە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا خاوەنی یاسایەکی بنەرەتی نیە کە ئێمە بتوانین کەڵکی لێوەربگرین و یارمەتیدەرمان بێ بۆ ئەم بەحسە. بۆیە لە ڕووی ناچاری، لە لایەک لە یاسای هەندێک وڵاتانی دێموکراتیک یارمەتی وەربگرین و لە لایەکی دیکەش لە فەلسەفەی ئەخلاقی. کە لێرەدا تەنیا بۆ نموونە لە یەکێک لە تئۆرییەکانی فەلسەفەی ئەخلاقی و تەنیا بە ئاماژە، باس لە یاسای بنەرەتیی چەند وڵاتێک دەکرێ لە بارەی خیانەت و لەو چارچێوەیەدا بۆ دەستنیشان کردنی ئەرکی تاکی کورد دەدوێین و ئاکامێک وەردەگرین.

پێش ئەوەی کە بچمە نێو باسەکەوە، مانا کردنەوەی چەند پەیڤێک پێویستە

• **خیانەت:**

خیانەت هەموو ئەم نرخە نەرێنیانە لە خۆ دەگرێت: تێکدەری، بێوەفایی، ئاژاوەگێڕی، بێقانوونی، پەیمان شکێنی، فیتنە، نافەرمانی، سەرپێچی کردن، ئاژیتاسیۆن، پیلانگێڕی، هاوکاری لە گەڵ دوژمنان و شکاندنی باوەڕەکان. خیانەت وشەیەکی زاگۆنییە. لە ویکیپێدیادا وەها شی کراوەتەوە کە؛ خیانەت واتە فێڵ کردن یان ساختەکاری کردن. یانی کردەوەیەک بە دژی سەربەخۆیی یان پاراستنی وڵات. سێ شێوە خیانەت هەیە: خیانەتی گەورە، خیانەت بە وڵات و خیانەت لە کاتی شەڕدا. خیانەتی گەورە یانی خیانەت بە دژی یاسای بنەڕەتیی وڵات و خیانەت بە دژی ڕێبەری وڵات. خیانەت بە وڵات یانی خیانەت لە سەبەخۆیی و پاراستنی وڵات. خیانەت لە کاتی شەڕدا، یانی هاوکاری و بەشداری کردن لە گەڵ دوژمن لە کاتی شەڕدا.

• **جاش:**

زۆر کەس مامۆستا هەژار بە دانەری ئەم پەیڤە دەناسێنن کە بۆ کەسانی خائین و بە کرێگیراو بە کاری بردووە و ئێستا لە ئەدەبیاتی سیاسی لە کوردستاندا جێ کەوتووە و بەکار دەهێنرێت.

کاتێک کە باس لە ئەخلاق دەکرێت، یانی باسی ئەو بەشە لە فەلسەفە دەکرێت کە نۆرمەکانی جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە دەستنیشان دەکات. یەکێک لە باڵکێشترینی ئەم فەلسەفانە، فەلسەفەی "ئێمانۆئێل کانت"ە کە بە "ئەخلاقی ئەرک" بەناوبانگە. فەلسەفەیەک کە نەک لە سەر ئاکامی کردەوەکان، بەڵکوو لە سەر ئامانج لە کردەوەکان پێداگری دەکا. یانی ئەوەی کە ئەگەر ئامانج لە کارێک، ئامانجێکی باش بێ، یانی ئەم کارە لە باری ئەخلاقیەوە دروستە و ئەگەریش ئامانج لە کارێک نیەتێکی خراپی لە پشتەوە بێ، ئەوە ئەو کارە خراپ و نائەخلاقیە. بە باوەری کانت، ویستی باش، باشترین و لە سەرووی هەموو شتەکانە و هەر کارێکی دروست لە ئەم شێوە بیرکردنەوەیەوە سەرچاوە دەگرێ کە؛ کردنەکەی بە ئەرک دەژمێردرێ. یانی ئەنجامدانی هەر کارێک کە بە ئەرک دادەنرێ، باش و دروستە. وەک" ئارنە نەس" دەڵێ: "گەورەترین شتێک کە مرۆڤ دەتوانێ وەدەستی بێنێ، ئەو هەیەجان و کەلەجانەیە کە مرۆڤ بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی هەیەتی." کانت بۆ ئەنجامدانی کاری باش و دروست لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە، لیستەیەک لەم جۆرە کارانە بە پێویست نازانێ. بەڵکوو قانوونێک بۆ ئەم جۆرە کارانە دەستنیشان دەکات کە گشتگیرە. ئەو یاسایە ئەوەیە کە؛ "مرۆڤ دەبێ بە شێوازێک تەڤبگەڕێ و عەمەل بکا کە هۆی ئەم کارە ببێتە یاسایەکی گەردوونی. یانی ئەو هۆیە کە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی کە کەسێک کارێک بکات، دەبێ بۆ هەموو کەسێکی دیکەش کە ئەم کارە دەکەن، قبوول بکرێ و بە ڕەوا بزانرێ. ئەم یاسایەش نابێ وەک شتێکی ئاوارتە، بەڵکوو وەک ئەرک بە کار ببردرێ.

بۆ ئەوەی کە کۆمەڵێک مرۆڤ بتوانن خۆیان وەک نەتەوە پێناسە بکەن، خاوەنی هەندێک تایبەتمەندیی هاوبەشن و بە پێی ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانە خۆیان بە تاکێک لەو نەتەوەیە بزانن. بە پێی ئەو تایبەتمەندییانە، وەها کۆمەڵێک دەبێتە خاوەنی هاوپەیمانەتییەکی کۆمەڵایەتی و پاراستنی وەها هاوپەیمانەتییەک و بەرژەوەندییەکانی دەبێتە ئەرکی تاکی ئەندام لەو کۆمەڵگایەدا. نەتەوەی کوردیش بە پێی وەها تایبەتمەندییەک خاوەنی هاوپەیمانەتیی کۆمەڵایەتیی تاکی کورد و بەرژەوەندییە نەتەوەییە باڵاکانە کە پاراستنی دەبێتە ئەرکی تاکی کورد. هەر کەسێک بە هەر شێوازێک هەوڵی لاوازکردنی وەها هەوپەیمانەتییەک بدات و بەرژەوەندییەکانی بخاتەوە مەترسیەوە، وەک کەسێکی پەیمان شکێن و هەر لەو ڕاستایەدا بە کەسێکی خائین پێناسە دەکرێ. وەها هەوڵێک دەتوانێ خاوەنی شێوازی جۆراوجۆر بێ. وەک ئەو کەسانەی کە زانیاری کۆ دەکەنەوە لە سەر پێشمەرگە (کە هێزی پاراستنی گەل و بەرژەوەندییەکانیەتی)، کە لە کوردیدا بە سیخوڕ ناودێر کراون، جاشایەتی کە پێشتر زۆرتر بۆ کوردەکانی چەکدار کە هاوکارییان لە گەڵ دوژمن دەکرد دەوترا، بەڵام ئێستا بە پێی پێشکەوتنی کۆمەڵگا شێوەکانی دیکەی خیانەتیش ئەو پێناسەیەیان بۆ بەکار دەبردرێ (وەک ئەو کەسانەی کە بە نووسین پشتیوانی لە پیلانەکانی دوژمن دەکەن و بە جاش قەڵەم ناسراون) و هەروەها ئەوانەی کە ئەمڕۆ مۆرەی ڕێژیمن و مەوادی هۆشبەر لە نێو لاوان و جڤاکی کوردەواریدا بڵاو دەکەنەوە. ئەوانەی کە خیانەت و جاشایەتی دەکەن، بۆ دادپەروەرانە نیشاندانی کاری خۆیان پەنا بۆ زۆر هۆ دەبەن و دەیانەوێ ڕاست و دروستبوونی کارەکانی خۆیان بسەلمێنن. وەک ئەوەی کە دەرەتانی دیکەیان نیە، مەجبوورن، یان ئەوەی کە ئێمە و نەتەوەی چەوسێنەری ئێمە برای یەکین و خاوەنی یەک وڵات و یەک ئۆلین و... هتد. ئەو جۆرە هۆیانەی کە ئەوان دەیانهێننەوە بە هاسانی نێوەرۆکی بیر و ئەندیشەی ئەوان دەردەخات و لە باشترین حاڵەتی مومکیندا ئێگۆئیست بوونی ئەوان دەسەلمێنێ، نەک دادپەروەرانەبوونی کارەکانیان. ئەوان تەنانەت بۆخۆشیان بڕوایان بە کارەکانیان وەک ئەرکێک لە ناخەوە سەرچاوەی گرتبێ نییە. بەڵام دیسانیش حازر نین لە ئەو کارە بێ ئەخلاقییانە دەست هەڵبگرن.

هەر وەک چۆن لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، کانت یاسایەکی دەستنیشان کردووە کە ئێمە دەتوانین پشتی پێ ببەستین بۆ ئەوەی کە کارەکانمان ڕەنگێکی ئەخلاقی بە خۆیانەوە بگرن. یانی ئەوەی کە هەر هۆکارێک کە ئێمە بۆ ئەنجامدانی کارێک بۆ خۆمان بە ڕەوا دەزانین، دەبێ ئەو هۆکارە بۆ هەموو کەسێکی دیکە و هەموو جێگایەک، وەک یاسایەکی گەردوونیی قابیلی قبوول بێ. گەلۆ بە پێی ئەم یاسایە، جاشایەتی یان خیانەت دەتوانێ ببێتە یاسایەکی گەردوونی؟ بە دڵنیاییەوە کەسێک ناتوانێ وەها ئیدیعایەک بکات. کە واتە پێچەوانەی وەها کارێک یاسایەکی گەردوونیە و هەر پێگاوەک لە پێناو لە نێو بردنی جاشایەتی و خیانەتدا یاسایەکی گەردوونی و ئەرکێکی ئەخلاقییە. ئەو ئەرکە ئەخلاقییە، ئەرکی تاکی کوردیشە. بۆیە ڕوناکبیران، خوێندکاران، مامۆستایانی ئایینی، مامۆستایانی قوتابخانەکان و زانکۆکان و بە گشتی هەموو تاک و چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆ نەهێشتنی دیاردەی خیانەت و جاشایەتی و ڕوونکردنەوەی ئاکامەکانی وەها دیاردەیەک ئەرکدارن و ئەوە ئەرکی نەتەوەیی و ئەخلاقیی ئەوانە. لە بەر ئەوەی کە خیانەت و جاشایەتی هەموو جۆرەکانی خیانەتی لە یەک جێگادا هەیە. خیانەتی گەورە یانی خیانەت بە دژی یاسای بنەڕەتیی وڵات و خیانەت بە دژی ڕێبەری وڵات (ئەگەر چی هێشتا یاسای بنەڕەتیمان نییە)، خیانەت بە وڵات یانی خیانەت لە سەبەخۆیی و پاراستنی وڵات و خیانەتی لە کاتی شەڕدا یانی هاوکاری و بەشداری کردن لە گەڵ دوژمن لە کاتی شەڕدا.

باشە ئێمە کە خاوەنی یاسای بنەڕەتی نین، چی بکەین لە بەرانبەر خیانەتکاران و جاشەکاندا؟ لە وڵاتانی دیکەدا لە گەڵ وەها دیاردەیەک چلۆن هەڵسوکەوت دەکرێت؟

هەر وەک کە پێشتر و لە سەرەوەدا ئاماژەی پێ کرا، خیانەت یانی لادان لە وەفاداری بە نیسبەت وڵات یان حاکمییەت، بە تایبەتی دەستپێکردنی شەڕ و یان ئاگایانە و بە زانینەوە هاوکاری کردن لە گەڵ دوژمنی خۆی (دوژمنی نەتەوەکەی خۆی)، دانی زانیاریی هەستیاری نەتەوەیی بە دوژمن. لە زۆربەی وڵاتاندا سزای وەها کارێک، کوشتنە. کەسێک کە وەها کردەوەیەک دەکات، پێی دەوترێت خائین. خیانەت پرسگرێکێکی گەورەیە بە دژی کۆمەڵگای ئازاد. لە کۆمەڵگا دێموکراتیکەکاندا کە خەڵک لە ڕێگای نوێنەرانیانەوە کارەکانیان تێدەپەڕێنن، داوا دەکرێت کە ئۆپۆزیسیۆن، ئۆپۆزیسیۆنێکی وەفادار بێ. بەڵام ئەو وەفادارییەش نایەتە ئەم مانایە کە ڕێگا لە کەسانی دژبەر بگیردرێت کە بە ئازادی بژین و بیر و ڕای خۆیان دەرببڕن، یان کاری ڕێکخراوەیی خۆیان بکەن.بەڵام لە سیستمە تەواویەتخوازەکاندا بە هاسانی دەتوانن کەسێک بە هۆی دژایەتی لەگەڵ فەلسەفەی گرووپی حاکم، بە خیانەت تۆماتبار بکەن. بەڵام لە هەر وڵاتێکدا، بۆ ئەوەی کە بەڕێوەبەرانی وڵات بتوانن سیستمی سیاسیی وڵات بپارێزن، دەبێ ئەو دەرفەتەیان هەبێ کە شوێنپێی دوژمنانی نێوخۆیی هەڵبگرن و ئەگەر پێویست بکات لە بەرانبەریاندا بە توند و تیژی ڕابوەستن.

بۆ نموونە لە یاسای بنەڕەتیی ئامریکادا ئەو کەسانەی کە شەڕ بەسەر ئامریکادا بسەپێنن یان پەیوەست بن بە ڕەفی دوژمنانی یان هاوکاری لە گەڵ دوژمنان بکەن و ئارامیی و پاراستنی وڵات تێکبدەن، وەک خائین و خیانەتکار دەناسرێن. بەڵام بۆ ئەوەی کە کەسێک وەک خائین بناسێندرێت، پێویستی بە سەلماندن هەیە، کە لانیکەم دوو کەس بە سوێندخواردن لە سەری شەهادەت بدەن. خیانەت وەک جینایەتێک بە دژی هەموو هاووڵاتیان دێتە ئەژمار و بە شکلێکی ساکار جەزاکەی لەسێدارەدانە.لە بریتانیا، لە سەدەکانی نێوەراستەوە باس لە خیانەتی گەورە وەک کارێکی نایاسایی کراوە و لە ڕادەی کوشتندا حسابی بۆ کراوە، و سزاکەی ئەوە بووە کە سەری کەسی خائین لێبکرێتەوە. خیانەت یەکێک لە مێژینەترین و هەستیارترین ژێرپێنانی یاسایە لە کۆمەڵگای سیاسیدا کە لە وڵاتی بریتانیا لە ١٣٥١ دا کەوتە قاڵبی یاساوە و وڵاتانی ئینگلیزی زمان قانوونەکانیان لە سەر خیانەت لەو قانوونەڕا وەرگرتووە. بەڵام ئێستا کە پاشا گرینگیی جارانی نەماوە و جێگاکەی داوەتە دەوڵەت، هەر کارێک کە بە دژی دەوڵەت و تێکدانی ئەمنیەت و پاراستنی وڵات/ حکوومەت بکرێ، بە خیانەت دەژمێردرێ و لە کانادا حوکمی زیندانی هەتاهەتایی هەیە. کە واتە، کاتێک کە گەلی کورد هێشتا نە تەنیا خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی نیە، بەڵکوو خاوەنی سەدان دوژمنی ڕەنگاوڕەنگە و ڕۆژ نیە بە پیلان زەبر لە نەتەوەی ئێمە نەوەشێنن، پارتە سیاسییە خەباتکارەکان چ هەڵوێستێکیان دەتوانێ هەبێ لە بەرانبەر دیاردەی جاشایەتیدا؟ گەلۆ ئەوە نیە کە حدکا و زۆر حیزبی سیاسیی دیکە بە ڕاگەیاندن، کاری ڕێکخراوەیی و لە هەموو کاناڵێکی مومکینەوە ئەو کەسانەی کە خیانەت دەکەن ئاگادار دەکەنەوە کە تا درەنگ نەبووە دەست لە وەها کارێک هەڵبگرن و بگەڕێنەوە باوەشی گەل!؟ کە واتە ڕێبەران و شۆڕشگێڕان ئەرکی خۆیان بە جێ هێناوە و پێویستە خیانەتکارانیش بە ئەرکی خۆیان هەستن و دەست لە خیانەت هەڵگرن. هەر کەسێک لە بەرانبەر کار و کردەوەی خۆیدا چەندین جار بەرپرسیارە. بەرپرسایەتی وەک تاک کە پەیوەندی بە چارەنووسی خۆیەوە هەیە، بەرپرسیار لە بەرانبەر بنەماڵەکەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بخوازین و نەخوازین کارەکانی تاک لە سەر حیسابی بنەماڵەش دادەنرێ بە باش یان خراپ، و بەرپرسایەتیی نەتەوەیی. هیوام وایە کە ڕۆژێک بێت هیچ منداڵێک و هیچ بنەماڵەیەک لە بەر کار و کردەوەی کەس و کاری شەرمەزار و سەرشۆڕ نەبێ لە بەرانبەر نەتەوەکەیدا.



# مستەفا هیجری:

# با بیر بکەینەوە بۆ داهاتوومان

**بەشی دووهەم و کۆتایی قسەکانی کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە سێمینارێکدا بە ناوی "خۆرهەڵاتی نوێ" لە بنکەی دەفتەری سیاسی پێشکەشی کرد.**

ئامادەکردن: چەکۆ ئەحمەدی

خەڵك دەبێ ببێتە هێزی بنەڕەتیی خەبات! ئێمەش لە دروشمی ڕاساندا بۆیە باس لە لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار دەکەین و دواتر لە بەشی خەباتی شاخ و پێشمەرگەدا دەچمە سەر ئەو باسە کە پێشمەرگە دەیهەوێ چ بکا، بەڵام لێرەدا مەبەست خەباتی شارە، شار دەبێ ببێتە مەکۆی خەبات، بەجێگای ئەوەی لە پەراوێزی خەباتدا بمێنێتەوە، دەبێ ببێتە چەقی خەبات، ئەوە هێزێکە کە دەتوانێ ڕۆژهەڵات بکاتە هێزی شوێندانەر کە هەم حکوومەتی تاران حسێبی بۆ بکا، هەم ناوەندەکانی بڕیار و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە هاوکێشە سیاسییەکاندا بیخوێنێتەوە و جێگای خۆی بکاتەوە.

ئەو پەروەردەیە کە ئیشارەم پێکرد، وەکوو ئامرازێکی گرنگ بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵات بکاتە هێزی شوێندانەر، لە ڕووی هزرییەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. بۆیە گرنگە تاکوو بتوانێ تاکەکانی کورد، پێشمەرگە و کادر و ئەندامان و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە هێندێ بیر و بۆچوونی ڕابردوو کە وەکوو کولتوور لە مێشکیاندا جێی گرتووە، وردە وردە ئەوە بگۆڕێ بە ئایدیا و هزری نوێ کە هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ خۆرهەڵاتی نوێ. زۆرترین کێشە و گرفتی ئێمە لە ماوەی خەباتدا، چ وەکوو کوردی ڕۆژهەڵات و چ وەکوو کورد بە گشتی، پرسی فکری بووە. ئەگەر پێشمەرگە پێکهاتووە، ئەگەر سیستمی حیزبایەتی پێکهاتووە ئەوە ئاکامی بیر و هزرە، بەڵام ئەو بیر و هزرانە، چوونکە کۆمەڵگاکەمان گۆڕاوە و ڕۆژهەڵاتێکی نوێ پێکهاتووە، دەبێ بیر و هزر و بۆچوونەکان لە ئاراستەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا بڕۆنە پێشێ. لێرەدا گرنگ ئەوەیە کە ئێمە کاتێك بەرەو کۆنگرە دەچین، بتوانین ئەو کۆنگرەیە بکەینە یارمەتیدەرێك، لە ڕێگای بەرنامە و پێڕەو و بڕیاراتی کۆنگرەوە، بەرە بەرە ئەو بیرۆکە نوێیانە جێگیر بکەین. دەزانم کە جێگر کردنی بیر و بۆچوونی نوێ لە جێی بیر و بۆچوونی نەریتی، شتێك نییە کە بە خێرایی پێکبێ، بەڵام نابێ هێندەش وەدوا بکەوێ کە زەرەرەکەی بۆ کۆمەڵگاکەمان بگەڕێتەوە. دەبێ لە هەموو ئەو دەرفەتانە کەڵك وەرگرین کە ئەو کولتوورە نوێیە جێگر بێ و کۆنگرەکەمان بکەینە ئەو ئامرازە تاکوو لەو پێوەندییەدا یارمەتیدەرمان بێ.

دیارە ئەوانە باسێکی دوور و درێژن و دەکرێ کتێبیان لەسەر بنووسرێ، بەڵام ئەگەر بە کورتی باسی بکەین، ڕێکخستنی نوێ، بەو واتایەی کە ئەو خەڵکە وەکوو هێزی تاك، تاکی ڕۆژهەڵات، بتوانین کۆیان بکەینەوە و بیانکەین بە هێزی شوێندانەر. ئەوە بە ڕێکخستن، ئەرك پێ ئەسپاردن، لێپرسینەوە و زانیاری پێدانی ڕۆژ بە ڕۆژ دەچێتە پێشێ. ئەوە ئەرکی بنەڕەتیی حیزبی ئێمە دەبێ.

بابەتی سێهەم کە لەو پێوەندییەدا زۆر گرنگە، ڕاگەیاندنێکی چالاکە. ڕاگەیاندنی چالاك بۆ ئەوەی یارمەتیدەری پەروەردە و ڕێکخستن بێ. ئەو سێ هۆکارە گرنگە، واتا پەروەردە، ڕێکخستن و ڕاگەیاندنێکی چالاك، هەموویان لەگەڵ ئەوەیکە بە شێوەیەکی جیاواز کار دەکەن، بەڵام هەموویان لە یەك ئاراستەدا کار دەکەن، ئەویش لەو ڕاستایەدا کە کوردستانی ڕۆژهەڵات ببێتە هێزێکی شوێندانەر. ئەو سێ بەشە هەرکامە و لە لایەنێکەوە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی کە ڕۆژهەڵات ببێتە هێزێکی شوێندانەر. زۆر شتی دیکەش لەو پێوەندییەدا هەیە کە ڕەنگە جێی پرسیار بێ کە بۆ ئەوانە باس ناکرێ، زۆر ڕەهەندی دیکە هەیە کە یارمەتیدەرن، بەڵام بنەماکانی ئەو سێ خاڵەن.

تەنانەت پرسێکی وەك ئابووری کە زۆرجار باس دەکرێ و بابەتێکی زۆر گرنگیشە، ئەگەر ئەو سێ بەشە بە باشی بڕۆنە پێشێ و کار بکەن، داراییەك کە پێویستە بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتدا، بە مەبەستی ئەوەی ببێتە هێزێکی شوێندانەر، بە هۆی ئەو سێ خاڵەی باسی لێکرا، دابین دەبێ. ئەو هێزە شوێندانەرە کە باسمان کرد خەباتی شارە، هەڵبەت چ جۆرە خەباتێکە؟ بێگومان خەباتی مەدەنییە. ئێستاش زۆرجار باس لەوە دەکەین کە خەباتی مەدەنی لە ئێراندا درێژەی هەیە، نیشانەی زیندوویی خەڵکەکەمان خەباتی مەدەنییە، ئەوەی کە دەبینین خەڵك بێزاریی خۆی لە ڕێژیم نیشان دەدا، نارەزایەتی دەردەبڕێ، بۆ پاراستنی ژینگە چەکی ڕاو دەشکێنن، باڵندە ئازاد دەکەن و هێندێ کردەوەی دیکە کە لە نێوخۆی وڵاتدا ڕوو دەدا، ئەوانە باشن، بەڵام ئەو خەباتە مەدەنییە یەکلاکەرەوە نییە و ئەگەر ڕێژیمیش زۆرجار ڕێگا دەدا بەو جۆرە خەباتانە یا گوێیان ناداتێ، یا ئەگەر چەند کەسێك دەستبەسەر دەکا و پاشان ئازادیان دەکا، لەبەر ئەوە نییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی دەزانێ کە ئەوانە زۆر شوێندانەر نیین، خەڵکەکە دەیکا، دروشم دەدا و دڵی خۆی بەتاڵ دەکا و هێندێك ئارام دەبێتەوە.

خەباتی مەدەنیی یەکلاکەرەوە، ئەو کاتەیە کە ڕۆژهەڵات ببێتە هێزی شوێندانەر. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوە دەترسێ. سەرنج بدەن کە لە پروپاگاندەکانی ڕێژیمدا زۆر گرنگە کە ئەو پروپاگاندا و هەڕەشانەی دەیکەن، دەبێ ئێمە بە وردی لێکیبدەینەوە. وەکوو ئاماژەم کرد لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ئوپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی کەم و زۆر حەرەکەتمان بووە و پێشمەرگەمان چووەتەوە ناوچە و خەباتی مەدەنی بەو شێوەی کە باسی کرا کەم و زۆر لە کوردستاندا بووە، بەڵام بۆ ڕێژیم هێندە گرنگ نەبووە و بۆ خۆیشیان نەیانویستووە گەورەی بکەنەوە. بەڵام ئەمجارە هەمووتان دەبینن کە دژکردەوەکانی ڕێژیم چەندە جیددی و بەرین بوو. لەبەر ئەوە کۆماری ئیسلامی لە دروشمەکەی حیزبی دێموکرات دەترسێ، چوون دەزانێ داهاتووی ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر ترسناکە، لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار. ئێستا ئیدی حیزبی دێموکرات تەنیا باس لەوە ناکا کە پێشمەرگە دەنێرینەوە و کوردستان ڕزگار دەکەین، چون کۆماری ئیسلامی ئەوەی زۆر پێخۆشە کە پێشمەرگە بچێتەوە ناوچە و جوولانێك لە نێو خەڵکدا نەبێ، ئەویش بە هەموو توانای خۆیەوە کە تواناشی زۆرە، پێشمەرگە سەرکوت بکا. بەڵام ئەو دەزانێ کە ئەگەر خەباتی جەماوەریی خەڵك یا ئەوەی ئێمە دەڵێین خەباتی شار، پێی گرت، ئیدی ئەوە شتێك نییە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ سەرکوتی بکا و لەبەینی بەرێ، بۆیە لەوە دەترسێ و بە هەموو شێوەیەك هەڕەشە دەکا و دەیهەوێ پێشی پێ بگرێ.

> ئێستا کە ئیدی پێشمەرگە لە نێو خەڵکی شاردایە، پێی ناڵێ هاتووم ڕزگارت بکەم، دەڵێ یارمەتیت دەدەم بۆ ئەوەی تۆش خەبات بکەی، وەرە ڕیزی خەبات تاکوو پێکەوە ئەو خەباتە بەرینە پێشێ و ڕۆژهەڵات بکەینە هێزێکی شوێندانەر.

ئێستا لێرەدا پرسیارێکی دیکە ئەوەیە کە لەو نێوانەدا دەوری پێشمەرگە چییە؟

ئێمە لە دروشمی خەباتی نوێماندا کە ڕاسانی خۆرهەڵاتە، گوتوومانە لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار. شاخ بە واتای پێشمەرگە. لێرەدا پێشمەرگە یارمەتیدەرە، بۆ ئەوەی خەباتی شار ببێتە خەباتێك و هێزێکی شوێندانەر. بۆ ئەوەی خەڵك پێشمەرگە لە تەنیشت خۆی ببینێ وەکوو پشتیوان. پێشمەرگە بەرە بەرە بتوانێ لەنێو خەڵکدا یارمەتیدەر بێ بۆ کاری ڕێکخستن، لە هێندێ بواردا بۆ کاری ڕاگەیاندن. ئەوە ڕۆڵی پێشمەرگە دەبێ کە دەورێکی زۆر گرنگە. چوونکە بە بێ پشتیوانیی پێشمەرگە، خەباتی شار زۆر ئاستەمە بتوانێ پێکبێ. ئەو ڕۆڵە بۆ پێشمەرگە ڕۆڵێکی زۆر زۆر گرنگە. ئێستا کە ئیدی پێشمەرگە لە نێو خەڵکی شاردایە، پێی ناڵێ هاتووم ڕزگارت بکەم، دەڵێ یارمەتیت دەدەم بۆ ئەوەی تۆش خەبات بکەی، وەرە ڕیزی خەبات تاکوو پێکەوە ئەو خەباتە بەرینە پێشێ و ڕۆژهەڵات بکەینە هێزێکی شوێندانەر. لێرەدا پەروەردەکردنی پێشمەرگە ڕۆڵێکی بنەڕەتیی هەیە. پێشمەرگەیەك کە بۆ ئەو مەبەستە پەروەردە نەکرابێ، ناتوانێ ئەو شوێندانەرییەی هەبێ کە ئێمە چاوەڕوانین. کەواتە لێرەشدا پرسی سەرەکی بۆ پێشمەرگە، پەروەردە کردنە. هاوڕێیان کاتێك باس لە پێشمەرگە دەکەم، سەرنج بدەن لە منەوە پێشمەرگەین تا هەمووتان. هەموومان پێویستمان بە پەروەردەیەکی نوێ هەیە. لەپێشدا بەرپرسەکان. چوونکە ئەگەر بەرپرسەکان پەروەردەی نوێ وەرنەگرن، ناتوانن پێشمەرگە پەروەردە بکەن. پەروەردەی نوێیش دەبێ ڕۆژانە لەگەڵمان بێ. بەو واتایە کە شتی نوێ فێر بین کە یارمەتیدەرمان بێ بەرەو بەهێزبوونی ڕۆژهەڵات بمانبات و ڕۆژانە لەگەڵی بژین و ببێتە بەشێك لە ژیانی ئێمە. بۆ نموونە لێرەدا کە باسی پێشمەرگە دەکەم، پێشمەرگە لە فێرگە یا لە مەقەڕی خۆی و هەر جێگایەك شتی زیاتر فێر ببێ. ئەوە بەس نییە کە مانگێك یا دوو مانگ لە پۆلدایە، دەبێ بەرپرسەکە کە ئەویش پەروەردە دەکرێ، ڕۆژانە چاوەدێری بکا بزانێ ئەوەی کە فێری بووە، بەکاری دێنێ؟ لە هەڵسوکەوت، لە خوێندنەوە، لە بەکارهێنانی چەك و ئاگاداریی چەکدا، بەکاری دێنێ یان نا؟ ئەوە دەبێ ببێتە کاری ڕۆژانە. لەو پەروەردەدایە کە فەرماندە پەروەردە دەبێ و بەرپرسیار بار دێن. ئەو بابەتە بابەتێکی گرنگە بۆ پێشمەرگەکانمان، هەم دەبێتە هۆی ئەوەی کە بیانپارێزێ لە گۆڕەپانی شەڕدا و تێچووی پێشمەرگە کەم بێتەوە، هەم کارامەییەکەی لە یارمەتیدانی خەباتی شار و کارامەیی لە تێکهەڵچوون لەگەڵ ڕێژیمدا بەرز دەبێتەوە. با بزانین لە دوای کۆنگرەوە پێکهاتە و سیستمی حیزبیمان چی بەسەردێ. من پێموایە دەبێ سیستمی حیزبیمان (بە کادر، پێشمەرگە یا ئەندام) ببێتە سیستمێکی شایستە سالار. شایستە سالار بەو واتایە کە تاکەکان پەروەردە بکەین بۆ ئەوەی شایستە بن و ئەوانەش کە شایستە دەبن یا شایستەترینن، ڕێگایان بۆ بکەینەوە بێنە پێشێ و بەرپرسایەتی وەربگرن، بێنە ڕێبەرایەتیی حیزب و ئیدارەی حیزب بەدەستەوە بگرن. ئەوە بەشێکە لە ئەساسنامەی نوێدا، دەبێ ئەوەندەی کە بۆمان دەکرێ جێی بکەینەوە، لە بڕیارات و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەدا جێی بکەینەوە. بۆ ئەوەی دەستمان ئاوەڵا بێ لەپێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتەدا. دەستمان ئاوەڵا بێ کە کەسێك کە شایستەیە و کاری لەدەست دێ و دەتوانێ خزمەت بەو خەبات و ئامانجە بکات، بێنین لەژێر چەتری حیزبدا کۆیان بکەینەوە. بۆ ئەوەی هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەی کە دەست و پێ گیرن، پێویستە وردە وردە لایانبەرین. مادام ئێمە دەمانهەوێ کۆمەڵگا، ڕۆژهەڵات و شار ببێتە چەقی خەبات، دەبێ چەترەکەمان زۆر بەرینتر بکەینەوە. بتوانین خەڵکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز و دێموکرات، بێنینە ڕیزی خەبات و ئەنگیزەی بۆ پێکبێنین. ئەو ئەنگیزەیەش شایستەسالارییە. کەسێك کە ئەورۆ لە فڵانە شار دانیشتووە، بەڵام مرۆڤێکی شایستەیە و دەیناسین، با بێ لە ڕیزی حیزبی دێموکراتدا بەرپرسایەتی وەرگرێ. ئەگەر ئەوە نەکەین، ئێمە بە تەنیا و بە ئەوەندەی حیزبی دێموکرات کە ئێستا هەیە، دیارە فیداکاریی زۆر دەکەین، زەحمەتی زۆر دەکێشین و شانازیی زۆر دەخوڵقێنین، بەڵام ناتوانین بە ئامانجەکانمان بگەین. لە سیستمی شایستەسالاریدا، زۆر بەرهەمی دیکەشمان دەست دەکەوێ. ئەویش ئەوەیە کە ئێستا هەموو ئێوە لێرە و ئەوانەش کە لێرە نین و بە مافی خۆیان دەزانن بێن لە کۆنفرانسدا بەشدار بن و دەنگ بێننەوە و بێنە کۆنگرە و لە کۆنگرەدا بەشدا بن و دەنگ بێننەوە و ببنە ئەندامی ڕێبەریی حیزب، بەڵام لە شایستەسالاریدا کێبڕکێ لە نێوان شایستەکاندایە. واتا لەو سیستمەدا، هەر تاکێکی حیزبی کارنامەیەکی هەیە، پێشکەوتنەکانی، هەست بە بەرپرسایەتییەکانی و زۆر خاڵی دیکە کە دەکرێ بگونجێندرێ، لەوێدا کۆدەکرێتەوە و سبەینێ ویستمان کەسێك ببێتە سەرپەل، لە ڕووی ئەو کارنامەیە دەبێ و بزانین کێ خاڵی لە هەمووان زیاترە. ئەوانەی کە دێن بەشدار دەبن لە کۆنگرەدا بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی ڕێبەری دەبێ لە ڕووی ئەو خاڵانەوە بێ، کێبەرکێ لێرەدایە، لەنێوان شایستەکاندایە. ئەوانە پرسێکی گرنگن کە ڕێڕەوی ئێمە دەگۆڕن بەرەو ئامانجێکی دیکە کە ئامانجی خەڵکی کوردە و لەڕاستیدا حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵات دەکاتە بابەتی ڕۆژ لە ناوچەکەدا. ئەو شتانەی کە من باسم کردن، وەکوو ئیدە و بیرۆکەیەکە، گەڵۆ ئێمە دەتوانین ئەو ئیدە و بیرۆکەیە لە کۆنگرەدا بچەسپێنین و لە ڕووی ئەوەوە بەرنامە دانین بۆ دوای کۆنگرە؟ مەرج نییە ئەوەی کە من دەیڵێم بە تەنیا بخرێتە بەرباس، بەڵکوو دەبێ زۆر ئیدەی دیکەش هەبێ. تەنیا یەك بنەمای سەرەکی هەیە کە دەبێ هەموومان قبووڵی بکەین، ئەو واقیعیەتە کە ڕۆژهەڵات ببێتە هێزی شوێندانەر. ئەگەر ئەوەمان قبووڵ بێ، ڕەنگە زۆر ڕێگای جیاواز هەبێ، ئەوانەی کە من باسم کردن یەك ڕێگایە کە زۆر دەمێکە بیری لێ دەکەمەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ دوو تا سێ ساڵ لەوەپێش و بیرۆکەی ئێستا نییە. ئەوە یەکێك لە ئیدەکانە.ئایا ئیدە و بیرۆکەی دیکەش هەیە؟ بێگومان دەبێ هەبێ. با بێین باسی بکەین و لەسەری بدوێین و باشترینەکەی هەڵبژێرین. تەنیا ئەوە نەبێ کە بیرۆکەیەك بەتەواوی قبووڵ یا ڕەتی بکەینەوە، بەڵکوو دەبێ لێکیبدەینەوە و بیری لێبکەینەوە.

هەروەها لە یارمەتی و ئیدە و بیرۆکەی هەموومان ڕێگاچارەیەکی لۆژیکی و چارەنووسساز بۆ ڕۆژهەڵات بێتە پێشێ. ئێمەین ئەورۆ ئەو ڕاسپاردە و ئەرکەمان لەسەر شانە کە ئەو ڕێگایە ببینینەوە. ئەگەر ئێمە ئەو ڕێگایە نەدۆزینەوە، لە کوردستان هێز زۆرە، ئەو هێزانە ئێستا هی تاکن و هێشتا کۆ نەبوونەتەوە. دەبێ ئێمە یارمەتیدەر بین کە پێموابێ ئەوە گرنگترین ئەرکی حیزبی دێموکراتە لەو بڕگە مێژووییەدا و ئێمە دەبێ ئەرکەکانی خۆمان بەرێوە بەرین. بیر بکەینەوە، قسەی لەسەر بکەین و لێکیبدەینەوە. بێگومان دەتوانین لە هاوبەشیکردندا ڕێگاچارەی دروست بدۆزینەوە. خاڵێکی دیکەش کە دەمهەوێ لە کۆتاییدا باسی بکەم، ئەوەیە کە من بە پێی ئەزموونی ئەو ماوەیەی وەك پێشمەرگە لە حیزبی دێموکراتدا بووم، ئەوە دەزانم کە ئەو ئاڵوگۆڕانە بە شەوێك و دوو شەو و کۆنگرەیەك پێکنایە، بەڵام ئێمە دەبێ خاڵێکمان هەبێ کە لەو خاڵەوە هەنگاوەکانمان هەڵبێنینەوە، چ کات هەڵیدێنینەوە؟ لە کوێڕا دەستپێدەکەین؟ کۆنگرە دەرفەتێکی باشە، ئەگەر نەتوانین لێرەوە بیکەین، بۆ نموونە دەڕوا تا چوار ساڵی دیکە و دیسان ئایینامەکان، ئەساسنامە و بڕیارەکانی کۆنگرە دیسان بەو شێوەی لە ڕابردوودا بووە، دەست و پێمان دەبەستێ و دیسان چوار ساڵی دیکە وەدوامان دەخا کە من بەش بە حاڵی خۆم پێموایە لەو چوار ساڵەدا ئاڵوگۆڕێکی یەکجار زۆر لە ئێران و ناوچەکەدا دێتە پێشێ. لەو ماوەیەشدا ئێمە هێزی شوێندانەر نین، کە هێزی شوێندانەریش نەبین، دیسان کەس لە هاوکێشەکاندا نامانخوێنێتەوە و لەڕاستیشدا ئێمە لە بەرامبەر مێژوودا بەرپرسیارین. بۆیە با بیر بکەینەوە بۆ داهاتوومان.



# مارف ئاغایی

مەعرووف ئاغایی ناسراو بە مارف ئاغایی لە ڕیزی ئەو شاعیرانەدا بوو کە لە ڕەوتی نوێخوازیی شیعری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دەوری گرنگیان گێڕا. شاعیرێکی ناوەرۆکخواز بوو کە زمان و شێوازی تایبەت بە خۆی هەبوو. ئەم شاعیرە هەستیارە لە ڕۆژی دووهەمی ڕێبەندانی ١٣٤٤ ک. ە (٢٢ january ١٩٦٦) لە گوندی "وەزنێ" سەر بە شاری نەغەدە، ناوچەی "سندووس" لەدایک بوو. لە ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٧٦ بەهۆی کارەساتی پێکدادانی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی کرد. مارف ئاغایی، کوڕی حاجی محەممەدی ئاغایی لە بنەماڵەی "پاشایی"یە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری نەغەدە تەواو کرد. لە گەرمەی خوێندنی ناوەندیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونەتە شنۆ. لەوێش لە قۆناغی ئامادەییدا کە تێیدا ساڵێک زیندانی کراوە، لە خوێندن دابڕاوە. ساڵی ١٩٨٥ هاوکات لەگەڵ دامەزرانی بنکەی ئەدەبی و فەرهەنگیی گۆڤاری سروە دەستی بە بڵاو کردنەوەی شێعر و بەرهەم کرد و دوو ساڵ دواتریش لە هەمان گۆڤاردا بۆتە ئەندامی دەستەی نووسەران. ئاکامی تەقەلاکانی بووە مایەی بەرفراوان بوونی جوگرافیا و خوێنەری گۆڤاری سروە. ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ "ئازەری سەمسامی" ژیانی هاوبەشی دەست پێکرد و کچ و کوڕێک بە نێوی "شەونم" و "پەیام" بەرهەمی ژیانی هاوبەشیان بوو. لە ساڵانی دوواییدا بەتاسەوە هەوڵی خۆفێر کردنی زاراوەکانی زمانی کوردی دەدا و هاوکاتیش لە ماوەیەکی کورتدا فێری زمانی ئینگلیزی دەبێ و ئاکامی ئەو تەقەلایەش وەرگێڕانی کتێبی "ناسیۆنالیزمی کورد" بوو بۆ سەر زمانی کوردی. مارف جگە لە وەرگێڕانی کتێبی "ناسیۆنالیزمی کورد" کتێبی شێعر و چیرۆکەکانی بە نێوی "زەوی سەخت و ئاسمانی دور" پاش مەرگی بڵاو بۆتەوە کە لەلایەن ڕەخنەگر و شارەزایانی شێعری هاوچەرخی کوردی لە کوردستانی ئێران بە کارێکی گرینگ و جۆرێک شێعری جیاواز لە قەڵەم دراوە و چەندین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نووسراوە.پاش خزمەت و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و ئەنجامدانی گەلێک کاری بەنرخ و پڕۆژەی نوێ لە ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی و گۆڤاری سروە، وەک ڕێکخستنی کۆنگرە، کۆنفڕانسی ئەدەبی و فەرهەنگی هەر لە ئیلامەوە بگرە هەتا دەگاتە شاری ورمێ و دامەزراندنی پێوەندییەکی زۆر لەگەڵ ئەدیب و نووسەرانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بۆ کاری هاوبەشی فەرهەنگی، ڕۆژی ٢٥ ڕێبەندانی ١٣٧٦، دوای گەڕانەوەیان لە پرسەی "مینا خانم"ی خێزانی "پێشەوا قازی"، لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە، لە مەهابادەوە بەرەو ورمێ، بە کارەساتی دڵتەزێنی ئۆتۆمۆبیل، لەگەڵ دوو هاوڕێی تری، کاک جەعفەری قازی و کاک سەرتیپ مەنسووری، دڵە سەوز و پڕ ئەوینەکەیان لە لێدان کەوت.



"تەنیا"

چەند ڕۆژێکە کوڵی گریانێکی خەستم هەڵگرتووە و
هیچ دڵپڕێک،
چەند مانگێکە گەرووم پڕە لە ئاواز و
هیچ بیسەرێک،
چەند ساڵێکە دیوانم پڕە لە شیعر و
هیچ خوێنەرێک،
نادۆزمەوە
کە فرمێسک و ئاواز و شیعرم جێ بێڵم
١٣٧٥هەتاوی



## هاواری بێدەنگی...

لە هاواری بێدەنگییەوە بۆتان دەدوێم!
دەنگ ، موژدەی جەژنی ژیانەوەی ژینە
لە گەرووی خنکاوی شەقام و کۆڵاندا
دەنگ، زرینگەی زەنگوڵەی شەرم و
زایەڵەی زێڕینی ئەشقە
لە شادەمارەکانی جێژواندا
نۆتی ئاوازی بارانە،
گۆرانی بۆ جەژنی سروشت دەبارێنێ
دەنگ، ڕۆحی مەسیحایی چوارچراکەی .
بیست و چواری مهاباتە
بێ دەنگیش، قرچە قرچی دارەکانی
دەی خاکەلێوەی بیست وشەش!
تا هەتایە لە پەرستگەی یادی تاڵمان
زەنگ...زەنگ...دەزەنگێنێ...
دەنگ، شکانی ڕەمزی قوفڵی
ئاپارتایدی "ماندێلا"یە
وا ئەمڕۆ دێت،
لە دەروازەی ژەنگ گرتووی بەندی "ئیمرالی" و
لە زەنگی زاری زاگرۆس و ئاراراتم هاوار دەکا .....!
دەنگ، دوایین ئاوازی ناو بووکەشووشەی تەنیا و
یەکەم خەندەی مناڵی ناو یەکەم بێشکەی هەڵەبجەیە.
لە هاواری بێدەنگییەوە بۆتان دەدوێم
هاواری بێدەنگی....

ڕەحیم لوقمانی

# کورتە چیرۆک

ح.ئ سەقز

## سۆنە و بۆنەی زمانی دایک

ئێواران دایکم ئەیناردم و ئەیوت: لە بەر کانیاوی ماڵان سۆنەکان بهێنەوە بۆ نێو کولانەکەیان.. ئاغای مدیر لە مەدرەسە بە سۆنەکانی دایکمی ئەوت: (آردک)! گەلێ پێم ناخۆش بوو، چۆن بڵێم پێم ناخۆش نەبوو، پێم گران بوو، هەمان مراوی مەلی ئاوی.. دایکم پی ئەوت : سۆنە ئاغای مدیر ئەیوت: ( آردک).. مامۆستام زۆرخۆش گەرەک بوو، پیاوێکی ئازەری بوو، پیاوانی بەرمزگەوت پیان ئەوت: (عەجەمۆکێ) حەزم نەئەکرد دڵی بێشێنم، وتم ئاغای مدیر تۆ بۆ بە سۆنەکانی دایکم ئەڵێی: آوردک؟ بزەیەکی گرت و وتی : ئەوەی دایکت ئەیڵێ زمانی خۆیەتی، ئەمەی من ئەیڵێم زمانی ڕەسمی و کتێبە کتێب!! .. لە ماڵەوە سەرودڵی دایکمم گرت، وتم دایە ئەی تۆ بۆ سۆنەکان ناخەیتە نێو کتێب؟ دایکم هەناسەیەکی بە ئاخەوە لە ناخەوە هەڵکێشاو وتی؛ من سینگ بە سینگ ئەم سۆنانەم هێناوە.. تۆ بەشکم تۆ!! ڕۆڵە گیان هەر وا بچیت بۆ مەکتەبەکەت بخوێنیت و بیانخەیتە نێو کتێبەکەت.



KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No: 696 • 5 mar 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# ڕێز گرتن لە زمانی دایکی، ڕێز گرتن لە شوناسی نەتەوەییە




٢١ی فێوریەی هەموو ساڵێک وەک هەوڵێک بۆ ڕێگری کردن لە فەوتانی زمانە زگماکییەکان لە جیهان و بە دەسپێشخەریی ڕێکخراوی یونێسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بە ناوی ڕۆژی جیهانی زمانیی دایکی ناودێر کراوە.

ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ڕوو لە خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە و داوایان کرد کە خەڵک لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان دەگونجێ، دەنگی مافخوازانەی خۆیان بەرز بکەنەوە و بە کردەوە داکۆکی لە ماف و بەها و سامانێکی نەتەوەیی بکەن کە هەمان زمانی دایکییە.هەر بەم بۆنەشەوە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و ئەم ڕۆژەیان بەرز ڕاگرت کە ڕاپۆرتی بەردەستتان بەشێکە لەو چالاکییانە کە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەڕێوە چوون:

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوەبرد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە دەوروبەری قوتابخانەکانی؛ "قوتابخانەی حەسەن کازمی، قوتابخانەی جابربنحەیان، هونەرستانی دارولفنون، دەبیرستانی کچانەی "ئەلزەهرا"، قوتابخانەی کوڕانەی "سالمی یەک، دوو و سێ، کچانەی "ئینقلاب"ی یەک، دەبیرستانی هەشتی شەهریوەر، دەبیرستانی فیردەوسی، هونەرستانی فەننی و حیرفەیی "علامە تەباتەبایی"، قوتابخانەی بەهاری ئەندیشە و دەبیرستانی"چەمران"، چالاکییان بەڕێوە برد.

بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، پۆلێک لە لاوانی بە ئەمەگی شاری سنە بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی زمانی دایکی لە بەر دەرگای "ئیدارەی گشتیی ئاموزش و پەروەرشی شاری سنە" کۆبوونەوە و بە هەڵگرتنی پلاکارتێک سیاسەتی پڕ لە هەڵاواردنی ڕێژیمی کوماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد.

لە سەر پلاکارتەکە بە دوو زمانی کوردی و فارسی دروشمی "دەست هەڵگرن لە کوشتنی مێشکی منداڵانی کورد بە سەپاندنی زمانی فارسی"، "با تحمیل زبان نامادری دست از ژینوساید استعداد فرزندان کرد بردارید" نووسرابوو.

هەروەها بۆ بەرز ڕاگرتنی زمانی دایکی بەشێک لە منداڵانی کورد لە شاری سنە بە هەڵگرتنی پلاکارت داوای خوێندن بە زمانی زگماکیان کرد.

هەروەها بە بۆنەی ڕۆژی زمانی دایکی لە شاری شنۆ، لە سەر ناوی "حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە" ، لە "گەڕەکی مەجید ئاباد، مامتەمر، مزگەوتی "نبی اکرم"، گەڕەکی حەنەفیان، ڕێگای قەڵاتۆک و سەید ئاوێ، گەڕەکی بارزان ئاباد و "خانە معلم" چالاکیی تەبلیغاتیان ئەنجام دا.

هەروەها لە شاری سەقز بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی لە پارکی کەوسەر چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەریوانیش، شەوی ١ی ڕەشەمە و لە بەرەبەری ڕۆژی زمانی دایکی، لە گەڕەکەکانی مەردووخ، دارسێران ٢ و دارسێران ٣، شەهرەکی کەوسەر، شەهرەکی زیبا، پارکی شانۆ، مووسکی ٢ و بێهداشتی ژمارە ٤ و چوارڕێیانی مووسک، بەشێوەیەکی بەرین چالاکییان بەڕێوە برد.

هەروەها هەمان شەو، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری بۆکان بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغیی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی، ڕێزیان لەم ڕۆژە پیرۆزە گرت.

ئەو شوێنانەی کە تێکۆشەرانی دێموکرات چالاکییان تێدا بەڕێوە برد بریتین لە؛ قوتابخانەکانی وەحدەت، دەبیرستانی کچانەی دوازدەی فەروەردین، قوتابخانەی سەرەتایی کچانەی وەحدەت، قوتابخانەی سەرەتایی کوڕانەی بێعسەت، بێهداریی مەجبورئاوا، دواناوەندیی حەوتی تیر، قوتابخانەی سەرەتایی کوڕانەی ئەمین و قوتابخانەی کچانەی تلووعی ئازادی و زانکۆی پیام نوور و ئازاد، قوتابخانەکانی ئیستقلال، ئەندیشە، خومەینی، ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش، ئینقلاب، شەوانە ڕۆژیی داشبەند، هیجرت و فەرهنگیان.

هەروەها لەم چالاکییەدا ئەندامانی حیزب بە نوسینی ناوی دێموکرات لە کۆڵان و شەقامەکان جارێکی تر پشتگریی خۆیان لە حیزبی دێموکرات و ڕاسان نیشان دایەوە.

ئەندامان و دڵسۆزانی حیزب لە شاری شنۆ لە قوتابخانەکانی پەروین ئێعتسامی، فاتمیە، فنی حیرفەیی فەرزانگان، موتەهەری، شەرەف، حاجی ڕەسوڵییان، فەرهەنگ و دانش، تراکت و پوستێری تایبەت بەم ڕۆژە و بەیاننامەی حیزب و یەکیەتی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییان بڵاو کردەوە، کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی قوتابیان و مامۆستایان بەرەوڕوو بوویەوە و هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی زمانی دایکی لە شوێنەکانی وەک قوتابخانەی "حاج ڕەسووڵیان"، هونەرستانی "خدیجە کبری"، "حەوزەی موقاومەتی بەسیجی قوتابخانەی گورگاوێ" قوتابخانەی گوندی "نەرزیوێ" و "پارکی شەهرەکی فەرهەنگیان" چالاکیی تەبلیغاتیان ئەنجام داوە.

لە شاری مەهابادیش تێکۆشەرانی دێموکرات لە قوتابخانەی موتەهەری، هونەرستانی سەنعەتی، دانیشگای ئازاد ساختمانی شمارە ٢ و دانیشکدەی سەما، قوتابخانەکانی گوندەکانی شاروێران و عەبدوڵلاپوور، چالاکیی بەرینی تەبلیغی بەڕێوە چوو.

هەروەها لە پیرانشاری سەربەرز، ئەندامان و دڵسۆزانی حیزب و خەمخۆرانی زمانی کوردی، لە قوتابخانەکانی خامنەیی، ئەحمەدی ڕۆشەن، شاهێد، دواناوەندیی کچانەی زەینەب و دواناوەندیی سدووقی و قوتابخانەی ئاییینیی سەلاحەدین، تراکت و پوستێری تایبەت بەم ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

شایانی باسە لە بەشێک لەم چالاکییانەدا، لە ڕێگای ئێس ئێم ئێس و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کورتەنامەی: (زمان ناسنامەی نەتەوەیە) و (ڕۆژی ٢ی ڕەشەمە ڕۆژی زمانی دایکییە) بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکان نێردراوە.

لە بەشێك لە قوتابخانەکانی ئەو شارانە مامۆستایان وانەکانیان بە شێعری کوردی دەست پێکردووە و ڕێزگرتن لە زمان و ئەدەبیاتی کوردی و باس کردن لە ڕۆژی ٢ی ڕەشەمە ڕۆژی زمانی دایکییان بە ئەرکێکی نەتەوەیی زانیوە و داوای خویندنی زمانی کوردییان کردووە لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەگەڵ پێشوازیی قوتابییان بەرەوڕوو بووەتەوە.

لە درێژەی ئەم چالاکییانەدا، ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری مەریوان سەبارەت بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە.

هەروەها یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ڕاگەیەندراوی هاوبەشیان بڵاو کردەوە.

کە لەم ڕاگەیەندراوەدا باس لە گرینگیی زمان وەک ئامرازی سەرەکیی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان و بناغەی شارستانیەت و پێشکەوتنی تاك و کۆمەڵگا کراوە.